ئەندازیاران

بەردەوام دەبین لە پێناوی گەیشتن بە ئایندە

ڕێکخستنی بابەتەکان پەیوەستە بە دیزاینی هونەری کۆڤارەوە

ساڵی پانزەیەم هاوینی ٢٠١٣ ژمارە (٤٥)

بەپێی مۆڵەتی ژمارە ٣٥ لە ٢٦ـ١ـ٢٠١٠ی سەندیکای ڕۆژنامەنوسی کوردستان دەردەچێت

ناوەڕۆک

هەوار و چالاکی	لاپەرە ٢
پیشەسازی پلاستیک ..	لاپەرە ٨
سیستمی ئەرشیف و ناردنی وێنە پزیشکیەکان PACS	لاپەرە ١٥
فرۆکەخانە و ژینگە	لاپەرە ١٨
بەسەرکردنەوە (کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی)	لاپەرە ٢٦
چاوپێکەوتن (د.ئاکۆ ڕەشید حەمە)	لاپەرە ٣٢
ڕێگاکانی خەملاندنی پرۆژە	لاپەرە ٣٥
ڕیپۆرتاژ(پرۆژەی ستی سەنتەر)	لاپەرە ٤١
پێشبینی زیادبونی لۆدی کارەبا لە شاری سلێمانی تا ساڵی 2020	لاپەرە ٤٥
بۆ زاخاوی میشک	لاپەرە ٥١
الاتصالات النقالة والصحة	لاپەرە ٥٧
الشروخ الخرسانية أسبابها وعلاجها	لاپەرە ٦٢
أستخدام و التاثير المواد الجديدة على نوع التسطيح و الكفأتها فى الأبنية	لاپەرە ٦٩
بەناوبانگترین ئەندازیارەکانی جیهان	لاپەرە ٨٢

خاوەنی ئیمتیاز

یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان

سەرنوسەر

ئەندازیار/ نەوزاد عوسمان
(نەوزادی موهەندیس)

nawzad_mohandis@yahoo.com

ژ.م :07501047235

ژ.م :07710251171

ناونیشان

سلێمانی / شەقامی سالم
بارەگای یەکێتی
ئەندازیارانی کوردستان
ژمارەی تلفون : ٣٢٠٨٨٠٨

www.keu92.org

نەخشەسازی بەرگ و ناوەڕۆک

ڕێبین حەمە غەریب

rebeeng2002@yahoo.com

www.facebook.com/rebeen79

چاپخانە

ئۆفسێتی پیرەمێرد

"هەوڵ" و "چالاکی"

● لەبەر ڕۆشنایی ماددەکانی ((نضام مكاتب الهندسية)) ی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١١ کە پەسەندکراوە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە . کۆمیتەی باڵای یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان مۆڵەتی کارکردنی بەم نوسینگە ئەندازیارایانە داوە:

١. نوسینگەی ڕاوێژکاری (ئاستەم) بۆ ئەندازیار (ئارام محمد سعید) بە ژمارە مۆڵەتی (١٦٦) لە بەرواری ٢٠١٣/٧/٧ دا.

٢. نوسینگەی ئەندازیاری (هەرسین احمد کریم) بۆ ئەندازیار (هەرسین احمد کریم) بە ژمارە مۆڵەتی (١٦٧) لە بەرواری ٢٠١٣/٧/٢٢ دا.

٣. نوسینگەی ئەندازیاری (بڕیار) بۆ ئەندازیار (خەلات محمد امین احمد) بە ژمارە مۆڵەتی (١٦٨) لە بەرواری ٢٠١٣/٧/٢٨ دا.

٤. نوسینگەی ڕاوێژکاری (کایزن) بۆ ئەندازیار (محمود حسین مستەفا) بە ژمارە مۆڵەتی (١٦٩) لە بەرواری ٢٠١٣/٨/٢٨ دا.

● لەبەرواری ٢٠١٣/٨/٢٤ لە شاری هەولێر هەردوو ((یەکێتی و سەندیکای)) ئەندازیارانی کوردستان کۆبونەوەیەکی هاوبەشیان سازدا بەمەستی درێژەدان بە زنجیرە کۆبونەوەکانی نێوانیان بۆ سەرخستن و تەواوکردنی پڕۆسەی یەکگرتنەوەی هەردوولا و بەستنی کۆنگرەیەکی سەرتاسەری و هاوبەش و پێکەوەیی و لەو پێناوەشدا ژمارەیەک بڕیار و ڕاسپاردەیان پەسەندکرد .. لەخوارەوە تەواوی کۆنوسی کۆبونەوەکە بخوێنەرەوە ..بێت لەشاری سلێمانی وەک ڕێزلێنانێک بۆ یادی دامەزراندنی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان ، بەڵام بەڕێککەوتن شوێنی کۆبونەوەکە گۆڕدرا بۆ شاری دهۆکی ئازیز.. لەخوارەوە هەردوو نوسراوی سەندیکاو بەیاننامەکان بخوێنەرەوە ..

کۆنووسی کۆبونەوەی هاوبەشی
نێوان ((یەکێتی و سەندیکای))ی ئەندازیارانی کوردستان

ڕۆژ: شەممە بەروار : ٢٠١٣/٨/٢٤ کات : ١٠ر٣٠ بەیانی جێگە: ڕێستورانی کافیدۆ/ هەولێر

¤ سەرەتا لەلایەن بەڕێز عبدالرحمن علی کوردە، نەقیبی سەندیکای ئەندازیارانەوە بەخێرهاتنی شاندی هاوکاران لە یەکێتی ئەندازیارانو شاندی ئەنجومەنو لقەکانی سەندیکا کرا کە لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر و کەرکوکو دهۆکو موسڵەوە هاتبوون..

دواتر ئەجێندای کاری کۆبونەوەکەی خستەڕوو وێنەیەکی دابەشکرا بەسەر ئامادەبواندا..

¤ پاشان بەڕێز ڕەنج عبدالحمید، سەرۆکی یەکێتی ئەندازیارانی کوردستان , سوپاسی میواندارى و بەخێرهێنانی کرد و هیوای سەرکەوتنی هەنگاوەکانی خواست بە ئاڕاستەی یەکگرتنەوەو بەستنی کۆنگرەیەکی سەرتاسەری بۆ ئەندازیاران...

¤ ئەمانەی خوارەوەش بڕیارو ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی کۆبوونەوەن بەپێی ئەجێندا‌کەی لەسەر یەکگرتنەوەو ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرەی هاوبەشو کارەکانی تری پەیوەست بە هەردوولا:

١. وەڵامی پەڕلەمانی کوردستان خوێندرایەوە، نووسراویان ژمارە (١٩٣٧/٣/٤) لە (٢٠١٣/٦/١٩) کە تیایدا لاریان نەبووە لە بەستنی کۆنگرە و ڕایانگەیاندبوو کە هیچ کێشە و بەربەستێک نیە لەبەستنی کۆنگرەیەکی یەکگرتووی سەرتاسەری.

٢. بڕیاردرا هەردوو لیژنەی ئامادەکردنی ڕەشنوسی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆ ببنە یەک لیژنەی هاوبەش فەرمانی بۆ دەربچێو پێکەوە کاربکەن بۆ تەواوکردن و ئامادەکردنی ئەو کارە و پێویستە لەماوەی (٢٠١٣/٩/١ تا ١٠/٣١ /٢٠١٣) کارەکەیان تەواو بکەن..

٣. لیژنەی ئامادەکاری: بڕیاردرا تا تەواوبوونی هەموو کاری لیژنەکانی پێکهاتوو ئەم لێژنەیە پێک نەهێنرێت , ئەو کات بڕیار دەدرێت لە چۆنێتی کارکردنی لیژنەی ئامادەکار و دیاریکردنی ناوی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە.

٤. لیژنە هاوبەشەکانی لقەکان تایبەت بە تێکەڵاوکردنی دۆسیەکان و لێکۆڵینەوە لەسەریانو یەکگرتنەوەی لیستی ناوی ئەندازیاران فەرمانو ڕێنمایی کارکردنی تایبەتی بۆدەربچێ کە لە (٦) لێژنە پێک دێن بۆ لقەکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، کەرکوک، موسڵا، خانەقین) و پێویستە لە ماوەی (٢٠١٣/٩/١) تا (٢٠١٣/١٠/٣١) کارەکانیان تەواو بکەن.

٥. هەردوولامان لەبەردەم پرۆسەی یەکگرتنەوەو بەستنی کۆنگرەی هاوبەشداینو بۆیە هیچ لایەک مافی کردنەوەی لقو نوێنەرایەتی نامێنی لە هیچ ناوچەیەکی کوردستان جگە لەوانەی کە ئێستا هەن.

٦. گفتوگۆکرا سەبارەت بە ڕێنمایی پێویست بۆ لیژنە هاوبەشەکان بۆ چۆنێتی یەکخستنەوەی لیستی ناوی ئەندازیارانو چەندین بڕیار پەسند کران.

٧. بڕیار درا ئەندازیارانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ((عێراقی)) و ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم بەشداری کۆنگرە بکەن بە بێ مەرج و تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە خۆیان کاندید دەکەن بۆ ئۆرگانەکان پێویستە ئیقامەیان هەبێت لە شارەکانی ((هەولێر و سلێمانی و دهۆک))دا.

٨. بڕیاردرا چاوخشاندنەوە بە بڕیاری پێشوومانداو بکرێتەوە سەبارەت بە تۆمارکردنی ناوی ئەندازیارانی بیانیو پێدانی ناسنامەی کاتی پێیان ئەویش بەپێی ڕێنماییەکی تایبەت کە بۆ ئەم مەبەستە دەردەچێو فۆرمێکی تایبەت کە بۆیان ئامادەدەکرێت. هەروەهاش بڕیاردرا بۆ ئەم مەبەستە بانگەوازێک بگشتێندرێو نوسراوێک ئاڕاستەی سەرۆکایەتی

ئەنجومەنی وەزیران بکرێت و تیایدا داوابکرێت هەر کۆمپانیایەکی بیانی هاتە کوردستان و لقی کردەوە و پڕۆژەی جێبەجێکرد و ئەندازیارانی بیانی هێنایە کوردستانەوە , پێویستە لەلایەن سەندیکا یان یەکێتی ئەندازیارانەوە لە ڕاست و دروستی بڕوانامە ئەندازیایەکان بکۆڵرێتەوە بە هاوکاری وەزارەتی خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستانو ئیقامەشیان هەبێتو لەلای ئێمەدا تۆمار بکرێن. بە پێچەوانەوە هیچ لایەکمان بەرپرسیاریەتی کەمو کوڕیەکانیان ناگرینە ئەستۆ.

٩. بڕیاردرا کە لە بەرواری (٢٠١٣/٩/١)ەوە هەر ئەندازیارێکی بیانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەهەر لایەک وەرگیرا لەلاکەی تر وەرنەگیرێت.

● داواکاری ئەندازیاران :

١٠. بڕیاردرا هەر تێبینیەکی ئەندازیاران هەیانە لە هەردوولاوە لەسەر هەر بابەتێک بەتایبەتیش لەو ڕێنماییانەی لەم دواییەدا دەرچوون سەبارت بە ئەندازیارانو دەرماڵەو خواستەکانیان، بکرێتە نوسراوێکی هاوبەش بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران.

١١. پڕۆژەی نیشتەجێبوون: نووسراوی ژمارە (٢٥٢٣)ی ئەنجومەنی وەزیران لە (٢٠١٣/٣/١٣) بۆ وەزارەتی پلاندانانو وەڵامی وەزارەت بە نوسراویان ژمارە (٦٤) لە (٢٠١٣/٧/٣١) کە تیایدا ڕازین لەسەر پێشنیاز و داواکاری ئەندازیاران، بڕیاردرا بەدواداچوونی لەسەر بکرێت.

١٢. بڕیاردرا بەدواداچوون بکرێت بۆ نوسراوی ژمارە (٩١-٢٠١٣)ی ئەنجومەنی شورای هەرێم لە (٢٠١٣/٧/١) بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە یاسای صندوقی خانەنشینی ئەندازیاران.

● نوسینگە ئەندازیاریەکان

١٣. سەبارەت بە نووسینگە ئەندازەییەکان ئەم بڕیارو ڕاسپاردانەی خوارەوە پەسند کران:

● وەڵامێکی هاوبەشی هەردوو نووسراوی دەستەی وەبەرهێنان ژمارە (١٣٢٥) لە (٢٠١٣/٦/٢٠)و نووسراوی ژمارە (٦٦٣٣) لە (٢٠١٣/٧/٢٢)ی وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێ کردن بدرێتەوە بە هاوبەشیو داوای کۆبونەوەی هاوبەش بکرێت لە گەڵیاندا بۆ ڕوون کردنەوەی زیاتر بۆیان.

● بڕیاردرا کە کۆنفرانسێک ببەسرێت تایبەت بە نوسینگە ئەندازەییەکان لە مانگی (٢٠١٣/١٠)دا.

● بڕیاردرا نووسراوێک بگشتێندری بۆ سەرجەم نووسینگە ئەندازەییەکانو لایەنە پەیوەندیدارەکانی تر بۆ بەرزکردنەوەی ڕاو پێشنیاز و بۆچوونەکانیان بۆ لیژنەی ئامادەکاری کۆنفراسەکە تابخرێتە ئەجێندای کاری کۆنفرانسەکەوە.

● جۆراو جۆر:

١٤. شاندی هاوبەش بۆ سەفەری شاری سنە لە وڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران , هێڵرایەوە تا ئەندامانی لیژنەکە دیاریبکرێت.

١٥. نادی کەرکوک بڕیاردرا تا بەستنی کۆنگرە وەکو خۆی بمێنێتەوەو دوای کۆنگرە چارەسەر بکرێت.

١٦. گشتاندنی ئەنجومەنی وەزیران تایبەت بە نوسراوەکان ژمارە (٥٦٦٧) لە (٢٠١٣/٦/١٢) خوێندرایەوەو بڕیاردرا پابەندبین پێوەی.

١٧. لیژنەیەکی هاوبەش پێک هێنرا لە بەڕێزان ((نەوزاد عوسمان و سامان محمد احمد)) بۆ بەدواچوون لەسەر نووسراوەکانی هاوبەش بۆ ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٣و٤) لە (٢٠١٣/٣/٣) سەبارەت بە کارکردنی ئەندازیاران لە کۆمپانیاکانو دامەزراندنی کارگەو پاڵاوگە پێشەسازیەکان.

١٨. لە کۆتاییدا بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرکرا بۆ ئەندازیارانی کوردستان.

¤ جێگەی باسە کە کۆبونەوە ماوەی (٣) کاتژمێری خایاندو (٢٤) ئەندازیار لە هەردوولا بەشداری تێداکرد

ئاگاداری

❊ بەمەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی گۆڤاری ئەندازیاران لە ڕووی ڕوخسار و ناوەڕۆکەوە .

❊ داواکارین لە سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز کە بە ناردنی بابەتی ئەندازەیی یان بە ڕەخنە و پێشنیاز هاوکاریمان بکەن...و لەکاتی ناردنی بابەتەکاندا تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی لای خوارەوە بکەن... لەگەڵ ڕێز و سوپاسماندا..

١. بابەتەکان لە یەکێک لە بواره ئەندازەییەکاندا بێت .

٢. هەر بابەتێک لە ١٠ لاپەڕەی ((A4))کەمتر نەبێت .

٣. گەر بابەتەکە وێنەی تایبەتی لەگەڵدا بوو باشترە .

٤. بابەت بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاودەکەینەوە . بەڵام چانسی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی زیاترە .و تکایە ناوی سەرچاوەکانیش بنوسن .

٥. تکایە بابەتەکان گەر بەزمانی کوردی بوو بە فۆنتی ((Ali_K_Sahifa Bold)) بێت و گەر بەزمانی عەرەبیش بوو بە فۆنتی ((Ali-A-Sahifa Bold)) بێت .و بە قەوارەی ١٥ بێت .

٦. بابەتەکان گەر لەسەر CD یان لە ڕێگەی ئیمەیلی سەرنوسەرەوە ((nawzad_mohandis@yahoo.com)) بێت ساناتر و خێراتر بڵاو دەکرێنەوە و لەهەڵەی چاپکردن دوورەدەکەوینەوە .

٧. تکایە لەگەڵ ناردنی بابەتەکاندا وێنەیەکی کەسی و کورتەیەکی ژیاننامەی خۆشتان بنێرن..

٨. گەر بابەتەکانتان لە نوسینی خۆتان نەبوو. وە وەرتان گێڕابوە سەر زمانی کوردی یان عەرەبی تکایە لە چ سەرچاوەیەک یان پێگەیەکی ئەندازیاری لە ئەنتەرێتەوە وەرگیرابووئاماژەیان پێبدەن.

دووبارە ڕێز و سوپاسمان قبوڵ بفەرموون....

گۆڤاری ئەندازیاران

پیرۆزبایی

بەبۆنەی
هاتنی مانگی ڕەمەزان و جەژنی ڕەمەزانی
پیرۆزەوە

گەرمترین و جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستەی سەرجەم ئەندازیارانی ئازیز دەکەین و خوازیارین هەموو ڕۆژێکیان هەر جەژن و خۆشی بێت و هیوا و ئاواتە وەدینەهاتوەکانیان بێتەدی و

کوردستانیش لەسەر دەستی ئەندازیاراندا لە ئایندەدا ئاوەدانتر و گەشاوەتر و پێشکەوتووتر بێت.

دووبارە پیرۆز بێت .....

گۆڤاری ئەندازیاران

پیشەسازی پلاستیک ...

ئەندازیاری ڕاوێژکار
نەوزاد عوسمان
بەڕێوەبەری کارگەی چەکەرە و پوختەکردن و ترشاندنی
توتن لە سلێمانی

بەشی دووەم

حەوت سەرسوڕهێنەرەکەی پلاستیک

سەرسوڕهێنەری یەکەم :

ئەگەر ئەو ناوە ڕاست بێت کە پلاستیک گەیەنەری کارەبایە , ئەوا جۆرێکە لە کانزا ئەندامیەکان organic metalsئالیژەردا و بەبێ گومان سەرسوڕمانەکە بەجوانترین شێوە دەردەکەوێت.هەتا چەند سەدەیەکی کەمی ڕابووردوو وا بڵاوبۆوە دەربارەی پلاستیک کە توخمێکی ڕێگرە بۆ گەیاندنی کارەبا. ئەم دۆزینەوەیە دوو دژبەیەک لەگەڵ یەکدا کۆدەکاتەوە : ڕێگری و گەیاندن لەیەک پێکهاتەدا کە ئەمەش بواریکی فراوان دەکاتەوە بۆ جێبەجێکردنەکان و بەکارهێنانە جیاوازەکانی پلاستیک. وە بۆ بەرزڕاگرتنی ئەم دۆزینەوە مێژوویی , سێ زانای کیمیا خەڵاتی نۆبلێیان پێبەخشرا پێش دوو ساڵ لە دۆزینەوە زۆر سەر سوڕهێنەرەکەیان. ئەم کارە سەرسوڕهێنەرە لە سەرەتادا بە بەکارهێنانی پۆلیمەر کە هیچ سوودێکی کردارەکی نەبوە وەک لە پێشدا باسمانکرد کە polyacetylene و لە ڕێگەی

کۆنترۆڵکردنیەوە لە بارودۆخی پەلمەرەبوندا توانرا کە کۆنترۆڵی ئەو بوونی بۆشاییە بۆندە کیمیاویە دوانییەکان بکرێت بۆ ئەوەی بچێتە دۆخی cis لە جیاتی دۆخی trans بەمەش پۆلیمەرە نوێیەکە توانی کە تەزووی کارەبا بگەیەنێت.



ئەم سوڕانەوە کیمیاویە سادەیە توانی کە گەلێک کرداری پیشەسازی بێنێتەدی کە لەسەردەمێکدا وەک خەیاڵ وابوون , وەک بەرهەمهێنانی پاتری پلاستیکی کێش سووک لە جیاتی ئەو کانزا قورسە. ئەم پاتریە پلاستیکیە پێشکەوتووە سووکە وایکرد کە تەلەفۆنی مۆبایل ببێتە ڕاستیەکی لەبەرچاو. ئەو جۆرە لە پلاستیک دەچێتە پیشەسازی دروستکردنی پەڕەی پەیوەندیەکان لەناو مۆبایلدا , هەروەها بریتیە لە بنچینەی کاری کارتی خەرجکردنی بانکی و هەروەها هەموو کارتە کەسێتیە هاوشێوەکانی تر. هەروەها ئەم جۆرە پلاستیکە دەچێتە پیشەسازی هاوشێوە گەیەنەرەکان

کـە بەدەماری ئامێـری کۆمپیوتەری نوێ دادەنرێت.

هەروەک چـۆن بەکاردێـت لەهەندێ ئامێری دەرکردەی تیشـکی لێزەرەوە بەو وردەکاریـە زۆر ناوازەیەوە توانرا کە پەنجەرەی بینا زیرەکەکان بەرهەم بهێنرێـت windows smart کـە پێک دێت لە شووشـەیەکی داپۆشراو بـە چینێکـی پلاسـتیکی تایبـەت کـە ڕووبەکـەی دەگۆڕێـت لەکاتـی تێپەڕبوونـی تـەزووی کارەباییـدا , هەربۆیـە ئـەو پەنجەرانە لـە ڕۆژانی بەڕۆژدا تاریک دەبێت کە یارمەتیدەر دەبێـت بـۆ کەمکردنەوەی تیشـکی ڕۆژ و گەرمـا . ئاشـکرایە سـیفەتی زیرەکـی تەنهـا بـۆ ئـەو پەنجـەرە دروسـتکراوانە بەکارنایـەت بەڵکـو پەیوەستیشـە بـە بەرهەمهێنانـی چەکی زیرەک وەک فرۆکەی شـەبەح Steaith داپۆشـراو بـە جۆرێکـی تایبـەت لـەو جـۆرە پۆلیمەرانـەی توانای هەڵمژینی شەپۆلی مایکرۆیڤی هەیـە کە لە ڕاپارەکانەوە دەردەچێت بەمەش قورسـە کـە بتوانرێـت ئەو فرۆکـە شـەیتانیانە دیاریبکرێـت و هەستیانپێبکرێت.

دۆزینـەوەی ئـەم جـۆرە پلاسـتیکە کـە گەیەنـەری کارەبایـە هـاوکار بـوو بـۆ دۆزینـەوەی جـۆری تر کە سەرسـوڕهێنەری کەمتـر نیـە لـە پلاستیکی تیشـکدەرەوە بۆ ڕووناکی لەکاتی تێپەڕبوونی تەزووی کارەبادا. هەروەها بەرهەمهێنانی موگناتیسـی پلاسـتیکی کـە لەتوانیدایـە کایەی موگناتیسـی بەرهەمبهێنێـت لەکاتی خسـتنە سـەری تیشـکی لێـزەر بە درێژایی شـەپۆلێکی دیاریکراو لەسەر جۆرێکی تایبەت لە پۆلیمەرەکان.

- سەرسوڕهێنەری دووەم :

پلاسـتیکی زینـدوو لەگەڵ بۆشـایی ویستراو کە یەکێکە لە زۆرترین گرفتە ژینگەییەکان کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگا هاوچەرخـەکان دەبێتـەوە کە بریتیە لە کۆبونەوە و کەڵەکەبونی پاشـەڕۆ پلاسـتیکیەکان کەبەپێچەوانـەی پاشەڕۆکاغەزییەکان و قوماشییەکانەوە تەنانـەت کانزاییەکانیشـەوە بەهۆی کـەش وهـەواوە کاریگەرییـان تـێ ناکرێـت هەروەهـا لەتوانایـدا نیـە کـە بـە شـێوەی بایۆلـۆژی شـی بێتـەوە biodegradable بەهـۆی میکرۆبەکانـی نـاو خاکەوە .ئالێرەدا دژایەتیەکـی ئاشـکرا دەردەکەوێـت لـە جیهانـی زانسـت و تەکنەلۆجیـەوە و پێشـکەوتندا. کیمیاویـەکان بەشێوەیەکی ئاسایی هەوڵی لێبڕاوانە دەدەن بـۆ بەرهەمهێنانـی پێکهاتە و بەرهەمە کیمیاویـەکان کە تەمەنیان درێـژ بێت. بەڵام ئەمەش نابێتە ڕێگر لـەوەی کـە کۆمەڵێک لـە خەڵکانی کیمیـاوی هەبـن کە هـەوڵ بدەن بۆ دۆزینـەوەی پێکهاتـەی کیمیاوی کە توانای لەناوچوونیان هەبێت لە جیاتی نەمری و بەردەوامی کیمیاویان.

بەرهەمهێنانـی توخمـی پلاسـتیکی زینـدوو bioplastics کـە توانـای شـیبونەوەی بایۆلـۆژی هەیـە , دادەنرێـت بـە پێشـینەیەکی گرنگی ژینگەیـی هەربۆیـە هەمـوو توانـای تۆژینەوە پێشکەوتنەکان لەوپەڕیدایە بـۆ بەرهەمهێنانـی ئـەو جـۆرە لـە پلاسـتیک لـە توخمـی سـەرەکی سروشـتی کـە توانـای نوێبونەوەی هەبێت وەک بەرهەمەکان و سەرچاوە کشتوکاڵیەکان لە جیاتی بەکارهێنانی توخمە سەرەتاییە پترۆکیمیاوییەکان. لە ئێسـتادا ئەو پلاسـتیکە زیندووە دروستەدەکرێت لە یەکەی دروستبوون monomersکـە کرۆکەکـەی لـە سـلیلۆز و نەشـا و ترشـی لاکتیکـە کـە دەتوانرێـت بەبـڕی پێویسـت دەسـتبکەوێت لـە چارەسـەرکردنی پاشـەڕۆ کشـتوکاڵیەکان و پاشماوە پیشەسازیە خۆراکیەکانەوە.



سـەرەڕای بـەرزی نرخی ئـەم جۆرە لـە پلاسـتیک بـە بـەراوورد بـە جـۆرە کلاسـیکیەکان بـەڵام گرنگی بەکارهێنانـی لـە زیادبوندایـە و بـە تایبەتیـش لـە بواری پزیشـکیدا کە بەکاردێـت لـە دروسـتکردنی دەزوی نەشتەرگەری کە توانای شیبونەوەی هەیـە , هەروەهـا بەکاردێـت بـۆ ڕێکخستنی دەردان و دواتر هەڵمژینی لەش بۆ هەندێ داوودەرمان لەکاتێکدا ئەو دەرمانانە بە تۆژاڵێکی تەنک لەو پۆلیمەرانە داپۆشراون کە بەهێواشی شـیدەبێتەوە کـە ڕێگـە دەدات بـە دەردانـی دەرمانەکـە بـۆ نـاو لەش بەپێـی میکانیزمێکی کاتی دیاریکراو .بەو شێوەیە ئەو پۆلیمەرە کاردەکات وەک توخمێکـی گەیەنـەر و هەڵگری دەرمان بۆ ئامانجە چاوەڕوانکراوەکەی کە ناسـراوە بـە Drug Delivery

کە بەڕاستی جێگەی سەرسوڕمانە هەندێ لەو پۆلیمەرانە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بە باشی بۆ چارەسەری لوە شێرپەنجەییەکان ئەوەش بە داخستنی مولولە خوێنیە ووردەکانەوە کە ئەو لوە ڕەقانە خواردن پێدەدات. بیرۆکە ئازا و دروستکەرەکە لە پشت ئەو چارەسەرەوەیە کە دەسوڕێتەوە بە دەوری کرداری لێدانی (injection molding) پۆلیمەرەکەوە Polyurethane کە لەکاتی تێکەڵبوونی بە خوێنەوە خڕۆکەی ڕەقی گەورە دروست دەبێت کە مولولە خوێنیە ووردەکان دادەخات کە دەبێتە هۆی برسیکردنی (لوە پیسەکان و بە ماوەیەکی کەمی دواتر پۆلیمەرەکە شیدەبێتەوە و لەلەشەوە دەردەچێت بەڵام دوای ئەوەی کە گەمارۆیەکی ئابوری تۆندی خستۆتە سەر لوە شێرپەنجەییەکە.

● سەرسوڕهێنەری سێیەم: پارچەی یەدەگی مرۆیی بەپێی داواکاری بەکارهێنانی پێشووی پۆلیمەر لە ڕێگای چارەسەری پلاستیکیدا polimer therapeutic تەنها بەکارهێنان نیە بۆ ئەو بەرهەمە کیمیاویە سەرسوڕهێنەرە بۆ سوککردنی ئێش و ئازار لە توێژێکی فراوان لە نەخۆشەکان. سەرەڕای ئەوە توێژینەوەی زانستی و پزیشکی جۆراوجۆر هەیە کە بە شێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەکراوە لەسەر بەکارهێنانی توخمی زیندەیی دروستکراو biomateriais بۆ ئەوەی جێگەی هەندێ لە ئەندام و ڕیشاڵی مرۆیی تێکچوو بگرێتەوە. بەزۆری ئەو پارچە یەدەگە دروستکراوانە دروستکراون لە پلاستیک یان مەتاتی دروستکراو لە نمونەی گوێچکەلەکانی دڵ و بۆریە خوێنبەرەکان کە دروستکراون لە پۆلیمەرات Teflon و Dacron , بەڵام پۆلیمەراتی دروستکراو لە مەتاتی سلیکۆنی ئەوە بەکارهێنانی بەربڵاوە لە بەرهەمهێنانی پێستی دروستکراوا Artificial Skin و لە شێوە وێکچووەکانی.

هەندێ لە پۆلیمەراتی تر بەکاردەهێنرێت بۆ دروستکردنی بەشەکانی ئێسک و پەنجەکان و کرکراگە و ئەژنۆکانی قاچ و ئانیشک و ڕان .شاراوە نیە کە هێڵی جیاکەرەوە لە نێوان ئەندێشەی زانستی و بەڵگەی بەرجەستە بوو خەریکە لەناو دەچێت و نامێنێت بەشێوەیەک توێژینەوە زانستیە نوێکان توانیویەتی بەتەواوەتی ئەندامی مرۆیی دروست بکات وەک دڵ و گوێ وپارچەی لاشە وەک قاچ و دەستەکان.

ئەوەی جێگە و مایەی سەرسوڕمانە بە ڕاستی ئەوەیە کە هەموو ئەو پارچە یەدەگە پلاستیکیانە پێشتر لە تاقیگەکاندا ئامادەدەکرێت و دواتر دەچێنرێت implant لەلاشەدا. لەم سالانەی دوایدا تەکنیکێکی زیندوو گەشەپێدراوە لەو پەڕی پێشکەوتن و پێگەیشتویدا کەوەستاوەتە سەر بیرۆکەی دروستبوون و گەشەکردنی ڕیشاڵی زیندوو تەنانەت ئەندامی مرۆیی لەناو لاشەدا لە جیاتی دروستکردن بۆ یەکەم جار لە تاقیگەدا.



بۆ ئەنجامدانی ئەو پەڕووە پزیشکیە یەکەمجار هەڵدەستن بە چاندنی تۆڕێکی ئیسفنجی پلاستیکی کە هەڵدەستێت بە سافکردنی بینا و دواتر دەستەدەکرێت بەدامەزراندن و چاندنی ڕیشاڵە زیندووە داواکراو و پێویستەکان.دوای ئەوە کرداری لێدان injection molding ی خانەی دیاریکراو دەرمانی گونجاو دەکرێت کە دەبنە هۆی گەشەپێدانی ڕیشاڵەکان لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا لەناو لاشەدا بەو میکانیزمە دەتوانرێت ڕیشاڵی نوێ دروستبکرێت . پێدەچێت کە بۆری خوێن یان کرکراگە یان گوێچکەلەی دڵ بێت تەنانەت خانە دەمارییەکانیش بێت بۆ جێگرتنەوە. ئاوات و خواستی زانستی بۆ ئەو تەکنیکە تا ئێستا لەسەرەتادایە و توێژینەوەی زۆر ئومێد بەخش هەیە بۆ بەرهەمێنانی ئەندامی ناوەوەی لەش بە تەواوەتی بۆ نمونە وەک جگەر بەو تەکنیکە زۆر ناوازەیە.

سەرەڕای ئەو پارچە پلاستیکە جێگرەوانە کە دەچێنرێت یان جێگیر دەکرێت لەناو لەشدا. ئەوا جێبەجێکردنی جۆراوجۆری تریش هەیە بۆ ئەو توخمە پلاستیکیانە کە لەبواری پزیشکیدا بەکاردێن لەگەڵ جیاوازیەکی سەرەکیدا کە بریتیە لەوەی کە بەکاردێت و لە بنەمادا لەدەرەوەی لاشەی مرۆیی.

لەنەشتەرگەری دڵی کراوەدا یان نەشتەرگەری شۆردنەوەی گورچیلەدا ڕیشاڵی پلاستیکی زیندوو بەکاردێن کە یارمەتیدەرە بۆ جیاکردنەوەی ئۆکسجین یان جیاکردنەوەی توخمی کیمیاوی زیانبەخش.

● **سەرسوڕهێنەری چوارەم:** ڕووبەکی پلاستیکی کە سەرنج ڕادەکێشێت لەناوجەرگەی تاریکیەوە ئەم سەرسوڕهێنەرە پلاستیکیە گەشاوەیە لەدایک بوو , لەیەکێک لەشەوەکاندا و لەکاتێکدا یەکێک لە خوێندکارەکانی خوێندنی باڵا ڕووناکیەکانی ناو تاقیگەکەی کۆژاندەوە کە لە زانکۆی کامبردجی بەناوبانگ کاری تیادا دەکرد. کاتێک ئەوەی کرد لە جێگەی خۆی ڕەش هەڵگەڕا لە سەرسوڕمانیدا کاتێک بینی بەشێک لە ئامێرە زانستیەکانی کە ئیشیان لەسەر دەکات تیشک دەدەنەوە بە ڕووناکیەکی سەیر. دوای گەڕان و پشکنین بۆی دەرکەوت کە سەرچاوەی ئەو ڕووناکیە سەیرە بریتیە لە توێژاڵێکی پلاستیکی تایبەت کە لە بنەمادا بەکارهێنراوە وەک توخمێکی ڕێگر بۆ داپۆشینی یەکێک لە ئامێرە کارەباییەکان. ئا بەو شێوەیە و لە ڕێگەی ڕێکەوتەوە جارێکی تر توانرا سەرسوڕهێنەرێکی تری پلاستیکی نوێ بدۆزرێتەوە کە بریتیە لە پۆلیمەرێک کە توانای دەرکردنی تیشکی ڕووناکی هەیە کاتێک کە ئیشێکی کارەبایی تیادا دەکرێت. ئەو شتەی کە دەکرێت دروستبکرێت بریتیە لە وێنەی ڕوناکی جۆاڵو لەو ڕوناکیە دەرچوانەوە.

سەرەڕای ئەو دۆزینەوە زانستیە دڵخۆشکەرە کە نزیکەی ١٠ ساڵی بەسەردا تێپەڕیوە خەریکە کارە بازرگانیەکان بە خێرایی بڵاویدەکەنەوە لەسەر شێوەی ڕووەکانی نیشاندەری پلاستیکی بەکارهاتوو لە مۆبایل و ئامێری تەلەفزیۆنی بچوک و ئامێری ژمێریاریە هەڵگیراوەکان. لەبەرئەوە چاوەڕوان دەکرێت ئەو پۆلیمەرە تیشکدەرەوە ڕوناکیانە Light Emitting Polymers

بەدروستکردنیان بۆ ئەو ڕووە پلاستیکە چاوەڕوانکراوانە .ببنە هۆکارێکی گەورە بۆ پێدان یان لادانی ڕووە زیویە کۆنەکان بۆ سەر ڕەفەی مۆزەخانەکان و بۆ ناو تۆمارەکانی مێژوو. بەڵکو چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت کە ئەو ڕووە پلاستیکیانە ببنە کێبڕکێکەری ڕاستەقینە بۆ تەکنیکی ڕووە نیشاندەرە کریستاڵیە شلەکانLiquid Crystal Display کە بەزۆری بڵاوبونەتەوە.

● **سەرسوڕهێنەری پێنجەم:** سۆز لە نێوان پلاستیک و ئاودا لە خۆشەویستیەوە بۆ لەناوچوون و دوورکەوتنەوە

سەر سوڕهێنەرەکانی جیهانی پلاستیک ناوەستێت بەوەی کە هەندێ جۆری پلاستیک توانای گەیاندنی کارەبا یان دروستکردنی کایەی موگناتیسی یان دەرکردنی ڕوناکیان هەیە , بەڵکو هەندێ جۆری پلاستیک توانای خواردنەوەی ئاو یان ووردتر بڵێین توانای هەڵمژینی ئاویان هەیە. هەندێ جۆری پۆلیمەرەکان توانایەکی گەورەیان هەیە لەسەر هەڵمژین Super Absorbent بەشێوەیەک ٤٠٠جار دەتوانێت بەهێندەی کێشەکەی هەڵمژێت لە شلەمەنی چونکە لە ڕاستیدا لەبەر ئەوە توانای هەڵئاوسانی هەیە Swell و گرتنە خۆی ئاوی هەیە بە میکانیزمێک کە

بە شێوەیەکی تەواو ڕاڤە نەکراوە. هەندێ جار ئەو توخمانە ناوەبرێن بە جێڵی ئاوی Hydrogles کە بریتین لە توخمی لینجی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەمان لانی کەم لەسەر شێوەی دایبی منداڵ یان کرێمەکانی پێست یان جەلی خواردن.

هەروەها دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لە هاوێنە پێوەنوساوەکاندا یان لە لەفافی پزیشکیدا هەروەها دەتوانرێت زیادبکرێت بۆ زەوی کشتوکاڵی لەبەر توانا زۆرەکەی بۆ هەڵمژینی بڕی زۆری ئاو دواتر پارێزگاریکردن لەسەر شێداری زەویەکە بۆ درێژترین ماوە کە کرداری ئاوداشتن ئاسان دەکات لە کێڵگە کشتوکاڵیەکاندا.



لەلایەکی ترەوە جۆری زۆر پێشکەوتوو هەن لەو پۆلیمەرانە کە ناسراون بە جێڵی ئاوی زیرەک Intelligent کە بەکارهێنانی ئاڵۆزی هەیە و بەتایبەتیش لە ئیشوکارە پزیشکی و دەرمانخانەییەکاندا. بە جۆرێک ئەو پۆلیمەرانە بەکاردەهێنرێت لە ڕێکخستنی دەرکردنی هۆرمۆنات و دەرمانە ئارام بەخشەکان لەناو لاشەی مرۆڤدا لە ڕێگەی چێکردنی کرداری دەرکردنی پێچەوانەییەوە بۆ ئەو پێکهاتە زیندووانە دوای ئەوەی کە لەناو پۆلیمەرەکەدا هەڵدەگیرێت لە قۆناغەکانی پێشوودا.لەلایەکی تردە و لەکاتی گرێدانی هەندێ دەرمانەوە بەو پۆلیمەرانەوە توانای بڵاوبونەوەی ئەو دەرمانانە کەم دەبێتەوە لەدەرەوەی ئەو ناوچانەی کە دەویسرێت چارەسەر بکرێن و لەدوایشدا دەتوانرێت ئەنجامە لاوەکیەکانی ئەو دەرمانانەش کەمبکرێتەوە.

هێندە ماوەتەوە کە بڵێین هەندێ جۆری ئەو جێڵە ئاویە زیرەکانە دەتوانرێت ئامادەبکرێن بە ڕێگەیەکی تایبەت و دواتر بەکاردەهێنرێن بۆ دیاریکردنی هەندێ میکرۆبی بایۆلۆژی لە خواردندا و تەنانەت دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی ئێسکی جێگرەوە.

ئەگەر ئەو پۆلیمەرانە هەڵبژاوسێن و توانای هەڵمژینی ئاویان هەبێت ئەوا لەبەرامبەریشدا جۆری تر هەن لە پۆلیمەر کە هەست بە وشکی و دووركەوتنەوەی زۆر دەکەن لە ئاو لەبەرئەوە بەزۆری بەکاردەهێنرێن لە دروستکردنی جلوبەرگ و قوماشدا کە توانای تەڕبونیان نیە Waterproof و لە دایبی منداڵاندا و لە جلوبەرگی وەرزشیدا چونکە بە پێچەوانەی قوماشی لۆکەیی ئارەق هەڵنامژێت و یارمەتیدەریشە بۆ فێنککەرەوەی یاریزانان و باشتر بوونی جوڵەشیان. بۆ بەرهەمهێنانی ئەو جۆرە لە پۆلیمەر کە تەرنابن دەتوانرێت پۆلیمەرە ئەندامیەکان بەکاربهێنرێت وەک Polyethlene یان پۆلیمەرە نائەندامیەکان وەک پۆلیمەری سلیکۆن و پۆلیمەرەکانی Phosphazenes

● **سەرسوڕهێنەری شەشەم:** تەنکی و ناسکی حەریر و ڕەقی بەرد... ئایا پێکەوە کۆدەبنەوە؟

دۆزینەوەی نایلۆن و ڕیشاڵی حەریری پیشەسازی بوە شۆڕشێکی گەورە و سەرکەوتنێکی بێوێنە کە پاڵینا بە هزرە زانستیەکانەوە بەرەو زیاتر توێژینەوەی داهێنەر بۆ بەرهەمی ڕیشاڵی و داوی زۆر نەرم و وورد و باریک بەڵام زۆر بەهێز و پتەو. لە دیارترین نمونەکان لەسەر ئەو ڕیشاڵە پیشەسازییانە Synthetic Fibers توخمێکە ناوەبرێت بە Kevlar و لە بەر سروشتی پێکهاتەی زنجیرە پۆلیمەرەکانی توانرا زۆر جۆر لە ڕیشاڵی پتەو و بەهێز بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرهەم بهێنرێت. لەبەرئەوە ناویلێنرا Super Fibers بەشێوەیەک هێزەکەی زیاد دەکات بە نزیکەی بیست جار زیاتر لە هێزی داوی پۆڵایینی.

ئەو داوانە بەکاردێن لەکاری دامەزراندنی ئەندازیاری قورسدا وەک سەکۆی هەڵکەندنی نەوت یان بەشێوەیەکی بەربڵاو بەکاردێن لە جلوبەرگ و ئامێری وەرزشیدا. هەروەها بەکاردێت لەدروستکردنی چاکەت و جلوبەرگی پارێزەر لە فیشەک و هەروەها لە دروستکردنی جلوبەرگی پارێزەر لە ئاگر بۆ

پیاوانی ئاگرکوژێنەوە هەوروەها پیاوانی فەزاش بەکاریدێنن بۆ پارێزگاریکردنیان لە تیشکە کەونیەکان.

بەڵام لە بواری یاریە وەرزشیەکاندا ئەوا بەزۆری بەکاردێت لە دروستکردنی جلوبەرگی وەرزشی پارێزەر لە لێدان لە ئەنجامی کەوتنی یاریزان وەک لە یاریەکانی خلیسکاندن لەسەر بەفر یان ئاو و یاریە وەرزشیە خێرا و مەترسیدارەکانی تریشدا.

سەرەڕای ئەمانە و بەلەبەرچاوگرتنی سیفەتە رێگریەکانی بۆ گەرما ئەوا هەڵبژاردەیەکی باشە بۆ دروستکردنی جلوبەرگی ژێر ئاوو جلوبەرگی یاریە



زستانەییەکان.

سەرەڕای ئەوەش توخمی Kevlar و لەبەر هێزە گەورەکەی بەکاردێت لە دروستکردنی تایەی بەرگریکار بۆ کونبوون وەک ئەوەی کە بەکاردێت لە فڕۆکە گەورە نەفەر هەڵگرەکاندا.

● سەرسوڕهێنەری حەوتەم:
پلاستیکی قسەکەر...ڕاستی یان خەیاڵ

دوای گێڕانەوەی سەرسوڕهێنەرەکانی پلاستیک لە ڕابووردوودا , لەو بڕوایەدام کە چیدی مرۆڤ پێویستی بە بەڵگەی زیاتر نیە بۆ ئەوەی باوەڕبکات کە پلاستیک لە ژێر بارودۆخی تایبەتدا دەکرێت کە قسە بکات و دەنگ بگوێزێتەوە , بۆ وەدیهێنانی ئەو خەیاڵە زانستیە جۆرێکی تایبەت لە پۆلیمەرەکان بەکاردێت کە بەڕێگایەکی تایبەت ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی تەزوی کارەبای لێوە بەرهەم بێت کاتێک کە فشارێکی دەرەکی دەخرێتە سەر کە دەناسرێت بە سیفەتی Piezoelectric بەهۆی ئەم فیڵە زانستیەوە کاری نەکردە دەبێتە کرداری وەدیهاتوو.ئەوەی

کە پێویستە بکرێت بریتیە لە دروستکردنی پارچەیەکی تەنکی بچووک لەو پلاستیکە و دەخرێتە ناو وەرگرەیەکی دەنگیەوە (مایکرۆفۆن) لەدوایدا لەرەی دەنگ دەبێتە هۆی ئاوازی فشارەکە و هێز خستنە سەر پلاستیکەکە و تەزوی کارەبای لێوە بەرهەم دێت کە دەگۆڕێت و وەردەگێڕدرێتە سەر دەنگێکی بیستراو. لە ناسکترین بەکارهێنانی ئەو تولە پلاستیکیە (جگە لە بەرکارهێنانەکانی لەبواری هەواڵگری و گوێگرتنی خراپ) دەتوانرێت کە دابنرێت لەسەر شێوەی ئامێرێکی چاودێری و لەنزیک منداڵی شیرەخۆرەی نوستووەوە دابنرێت و دەنگێکی ئاگادارکردنەوە دەربکات لە کاتێکدا منداڵەکە لەهەناسەدان بکەوێت و بۆ ئەو مەسەلەیە بەکارهێنانی باشی هەیە و بەتایبەتیش لە نەخۆشخانە و دایەنگاکاندا.

بەهەمان شێوە هەندێ جۆری پلاستیک دەتوانێت کە تەزوی کارەبا دەربکات ئەگەر کەوتەبەر گەرمی کە ئەم سیفەتەش ناسراوە بە Pyroelectlic لەبەر ئەوە دەکرێت ئەو هەستەوەرە گەرمیانە بەکاربهێنرێت Thermo Sensors بۆ وەڵامدانەوەی بۆ تیشکەکانی ژێرسوور کە دەردەچێت لە لەشی مرۆڤەوە .کە دەبێتە ئاشکراکەرێکی ئاسایشی و سەربازی کە گرنگیەکەی ناشاردرێتەوە.

● سەرسوڕهێنەرەکانی ئایندەی پلاستیک خەریکە دەست بە دروستبوون دەکەن

سەرەڕای کەمی و تازەیی تەمەنی پلاستیک کە کەمێک زیاترە لە نیوسەدە بەڵام پلاستیک قۆناغی لاوێتی و منداڵی کورتکردۆتەوە بە پێی تەمەنی کاتی لە دونیای زانستدا بە شێوەیەکی پێشوەخت. دەتوانرێت ئەوە ببینرێت بەڕوودانی بازدانێکی جینی گەورە کە پلاستیکی

گواستەوە لەسەرەتا شەرمنەکان بۆ پێکهاتەکانی Plyethlene ی سەرەتایی بەشێوەیەکی رێژەیی بۆ سەرچاوە سروشتییەکان وەک ئاماژەمان بەهەندێکیاندا لە پێشەوە . ئەوەی جێگەی دڵخۆشیە کە پێشکەوتنەکان هێشتا هەر بەردەوامن بەشێوەیەکی بەهێز و زیندووی چاوەڕواننەکراو , توێژینەوە زانستیەکان لەماوەی چەند دەیەیەکەوە زۆربە خێرایە بۆ ئەوەی زانستی پۆلیمەرات بکاتە یەکێک لە زۆرترین لقەکانی کیمیا لە پێشکەوتن و گەشەکردن و ڕەنگاوڕەنگیدا .

بەرهەمە پلاستیکیە زیرەکەکان بەرەو زیادبوون و ئاڵۆزبوون دەچێت بۆ نمونە ئەوەی ناودەبرێت بە پلاستیکی خۆچاکەرەوە گەشەی پێدراوە Self-repaining کە ئەو پلاستیکە هەڵدەستێت بەچاکردن و چارەسەرکردنی Healing خۆی لەکاتی دروستبوونی درز یان بۆشایی لە پێکهاتەکەیدا .لەکاتێکدا بەر کارێک یان گەرمیەک دەکەوێت ئەوا کەپسولی بچووک لەناوەوەیدا دەشکێت کە برێکی زۆر لە Monomerی ڕەسەنی تیادایە هەروەها هۆکارەکانی هاندانیشی تیادایە و لەکاتێکدا ئەو مەوادانە تێکەڵ دەبن کارلێکی بە پەلمەرەبوون ڕوودەدات بەشێوەیەکی خۆیی بۆ ئەوەی هەستێت بە لکاندن و داخستنی درزە دروستبوەکان .

جۆرەکانی تر لە پۆلیمەری زیرەک دەتوانێت و بەشێوەیەکی خودی شێوەکەی بگۆڕێت لەگەڵ سیفاتە میکانیکیەکەیدا تەنها بەخستنەسەری کارێکی کارەبایی و بەوەش شێوەی ویستراو وەردەگرێت کە دەناسرێت بە Self-moulding بەشێوەیەک پۆلیمەری زیرەک دەتوانێت ئەو بارودۆخە بەبیر بهێنینەوە کە پێویستە تیایدا دروستببێت .

توێژینەوەکان تا ئێستاش بەردەوامن بۆ چاککردنی بەکارهێنانی ئەو پۆلیمەرانە وەک ناوەندێک بۆ هەڵگرتنی زانیاریيە ژمارەییەکان کە ئومێدی ئایندەیەکی گەش دەدەن بۆی لە دروستکردنی ژمێرکارە میکانیکیەکان .

لەکۆتاییدا , ئەگەر ئەو زانیاریانەی ئاماژەمان پێدان لەبەرچاوبگرین ئەوا بە پەنهانزان دانانرێین ئەگەر بڵێین کەوا هەزارەی سێیەمی مێژوو لە تۆماری مێژوودا (ئەگەر خودا شانسی بەردەوام بوون بۆ ئەم شارستانێتیەی ئێستا بدات) دەناسرێت بە هەزارە و سەدەی پلاستیکی وەک نەمرییەک بۆ توخمێکی کیمیاوی کە شایەنێتی سەر بەو بێت کە شێوە و سیمای دونیای ئێستامانی گۆڕی کە هیچ توخمێکی کیمیاوی تر نەیتوانیوە لە پێشتردا بیگۆڕێت .

● بۆیە گرنگە لە کوردستانی

خۆشماندا گرنگی بەم پیشەسازیە بدەین و پیشەسازی پترۆکیمیاویات گەشە پێبدەین و دایبمەزرێنین. بۆ ئەوەی لە ڕووی پێشکەوتنە زانستی و پیشەسازییە جیهانییەکان دوانەکەوێت لە کاتێکدا کە بەکارهێنانی جۆرەکانی پلاستیک و پۆلیمەر لە زیانی ڕۆژانەماندا ڕوو لە زیادبوون دەکات و هیچ بوار و کەلێنێکی زیانمان نیە کە جۆرێک لە جۆرەکانی پلاستیکی تیادا بەکارنەیەت. بەهیوای ئەوەی

کە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی پیشەسازی بیرێک و پلانێکی جدی و عەمەلی لەم بوارە و لەبوارەکانی تری پیشەسازی بکەنەوە . کۆمەڵگای کوردەواری لەم دۆخە مشەخۆرییەی ئێستای ڕزگار بکەن و بیکەنە کۆمەڵگایەکی وەبەرهێن و بەخشندە و داهێنەر.

سەرچاوە:-

پێگەکانی ئینەترنێت.

سیستمی ئەرشیف و ناردنی وێنە پزیشکیەکان PACS

Picture Archiving and Communication System



ئەندازیار
مەریوان قەفتان
E-mail. marywan_kaftan@yahoo.com

PACS کورتکراوەی Picture Archiving and Communication Systems هەروەها پێی دەوترێت
IMACS.....Image Management and Communication Systems
PACS..... Picture Archiving Communication System
Picture..... Medical Images MRI ,CT ,US, Endoscopy
Archiving..... Data Storage HDD, CD
Communication.....Data File Transfer Network LAN ,Telephone
System.....Sub Components Computer, Storage, Teleradiology

بریتیە لەسیستمێکی (کۆمپیوتەری – تۆری) بۆ دەرخستن و ئەرشیفکردن (ئەمبارکردن) و وەرگرتن و ئالوگۆری (وێنەپزیشکیەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکان) بەشێوەی وێنەی دیجیتالی لەرێی چەندەها جۆری جیاواز لە ئامێرەکانی دەست نیشانکردن و پێکەوەبەستن و گرێدانیان وەک ئامێرەکانی :

١.تیشکە ئێکسی دیجیتال
٢.ئەنجیۆگرافی دیجیتال
٣.سی تی سکانەر
٤.قەستەرە
٥.سۆنـار
٦.زرنگە موگناتیس
٧.پزیشکەناوەکی
٨.چارەسەر بە تیشک
٩.ناوبین Endoscopy

کارێکی تری ئەم سیستمە بریتیە لە توانای هێنانەوە و دەرخستنەوەی وێنە رادیۆگۆرافیەکانی ئەرشیفکراوی بێرادە لە وێنە و داتای نەخۆش (لە رێی تۆر و سێرڤەرێکی تایبەت) و بەشدای پێکردنیان بەشێوەی وێنەی دیجیتالی زۆر روون وئاشکرا لەنێـــوان:

- بەشەکانی نەخۆشخانەیەکدا
- نەخۆشخانەکانی شارێکدا
- نەخۆشخانەکانی چەند شارێکدا
- نەخۆشخانەکانی چەند وولاتێکدا

بەهۆی تۆرەکانی وان WAN (wide area network) یان ئینتەرنێتەوە .

هەروەک دەتوانرێت وێنە و راپۆرتە پزیشکیەکان کۆپی بکرێتە سەر CD یان DVD یان لەسەر فلیمی تایبەت چاپ بکرێت.

ئەم سیستمە کلیلی تەکنۆلۆجیای رێکخستنی وێنە پزیشکیەکان و داتاکانیەتی ، پاش دەرکەوتن و بەدەستهاتنی وێنەی دیجیتالی ئامێرەکانی دەستنیشانکردنی نەخۆشیەکان و گۆرینی وێنەکان لە فلیمەوە (hard copy) بۆ وێنەی دیجیتالی سەر مۆنیتۆر (soft copy) ،پسپۆرانی بوارەکانی پزیشکی‌ی

زیاتر خوازیاری سەیرکردن و شیکردنەوەی وێنە بنەرەتیەکانن لەسەر مونیتۆر وەک لە وێنەی سەر فلیمەکان ، کە یارمەتیدەر و ئاسانتر و خێراتر دەبێت بۆ تێروانین و شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی نەخۆشی و گرفتەجەستەییەکانی نەخۆش ، وە ئەمەش کاریگەری بەرچاوی دەبێت لەسەر رزگارکردنی ژیانی مرۆڤەکان.

سیستمی ئیشپێکردنی Windows یان UNIX لە PACS دا بەکاردێت.

سـوودەکانی PACS :

- خێرایی لە ناردنی وێنەکان و راپۆرتی پزیشکی بەشێوەی راستەوخۆ
- کەمکردنەوەی یان نەمانی بەکارهێنانی فلیمی تیشکە ئێکس
- ناردنی وێنە و راپۆرتی پزیشکی بۆ زیاتر لە پزیشکێکی رادیۆگرافی وپسپۆرە جیاکان
- ئالوگۆری ڕاو بۆچوونی زیاتر لە پزیشکیک بۆمەبەستی ڕاوێژکاری
- ناردنی وێنە و راپۆرتی پزیشکی بۆ نەخۆشخانەکانی تری ناوە و دەرەوەی وولات
- ئەمبارکردنی وێنە و راپۆرتی پزیشکی لەسەر کۆمپیوتەر و CD یان DVD
- کەمکردنەوەی ستاف
- ئەرشیفکردنی وێنەکان و راپۆرتەپزیشکیەکان
- ئاسانی سودلێوەرگرتنی وێنە و راپۆرتەپزیشکیە ئەرشیفکراوەکان بۆ کاری یاسایی و پزیشکی دادوەری

هەندێک کۆمپانیای ناوداری بەرهەمهێنـەری PACS :

- AGFA
- FUGI
- GE Health care
- KONICA MINOLTA
- MEDPACS
- NEUSOFT
- PHILIPS
- SIEMENS
- VEPRO




CD/DVD Production
Automated burn and Print
Off-Site Storage Service
DICOM Archive
Internet
Firewall
PACS Server
DICOM and Webserver
Off-Site Diagnostic Workstation
DICOM Software Platform
Clinical Workstaion
View/Digitize/Scan
Web Viewing
Diagnostic Workstaion
PACS Client


PACS
Storage (SAN)
Unlimted Web access
HIS / RIS
Modalities
Centricity Workstation


MRI Modality
CT Modality
PACS Server
PACS Client
PACS Client

Acquisition
Diagnostic Viewing
Reception
Cardiology
Radiology
Surgery
Processing
PACS
Decision Support
RIS
Filming
Archiving
Accounting
Remote Viewing
Inventory
Reporting

فڕۆکەخانە و ژینگە

ئەندازیار / طاهر عبدالله قادر
بەڕێوەبەری گشتی فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سلێمانی

پێشەکی :

ئەگەر چاوێک بخشێنینەوە بە باسەکانی پێشودا کە دەربارەی فڕۆکەخانەو فڕۆکەوانی نوسیومانە بۆ بیرهێنانەوەی خوێنەری بەڕێز باسەکان لەم بەشانەی خوارەوەدا بەرجەستە کراوە:

١. مێژووی فڕۆکەوانی و فرین
٢. فڕۆکەخانە و جۆرەکانی Type of Airport
٣. چەند زانیاریەک لەسەر ئەندازیاری فڕۆکەخانە Airport Engineering
٤. دیزانی فڕۆکەخانەکان Design of Airports
٥. ڕووناککردنەوە و هێلکاری و ڕێنماییە فڕۆکەوانیەکان Airport Lightening Marking & Signing System
٦. قولەی چاودێری Control Tower و ئامێرە فڕۆکەوانیەکان Air navigation Equipments
٧. بۆشایی هەوا [الفچاو الجوی] Air Space.
٨. ڕێکخستنی گەشت و قۆناغەکانی [Flight Planning & Flight Plan]
٩. بەگەڕخستنی فڕۆکەخانە Air port operation .
١٠. ڕووداوەکانی فڕۆکەوانی و سۆراغکردن و فریاکەوتن
Aircraft Accidents and Incidents – Investigation
Search and Rescue –
١١. ڕادار و جۆرەکانی بۆ بواری فڕۆکەوانی.
١٢. مانگە دەستکردەکان و ڕۆلیان لە فڕۆکەوانیدا.
١٣. شاکاری بواری گواستنەوەی ئاسمانی .
١٤. گواستنەوەی بارو شمەک [الشحن الجوی].
١٥. ڕاڕەوە ئاسمانیەکان.
١٦. چەندین بابەتی تر.

هەرچەندە ئەو نوسینانە کە لەو بەشانەی سەرەوەدا باسکراون خوێندنەوەی کورت و پوختن بۆ بابەتەکان و دەتوانرێت زۆر لەوانە زیاتر لەبارەکاندا قول ببینەوە ئەگەر پێویست بکات بەڵام تەنها مەبەست لە نوسینی ئەم باسانە ئاشناکردنی ئەندازیارانی کوردە بەو زانستە کە تازە پێی ناوەتە ناو ژیانی کورد و بۆتە بەشێکی گرنگ و بنەڕەتی بۆ ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

ئەگەر لەلایەکەوە سەیری فڕۆکەخانە بکەین دەبینین

ئەو ئەرکەی کە بەجێی دەهێنێت ئەرکێکی سودبەخش و هەمەلایەنەیە و کارئاسانیەکی رادەبەدەر بۆ هاوڵاتیان دەستە بەردەکات و لە هەمان کاتدا دەکرێت فڕۆکەخانە بکرێت بەسەرچاوەیەکی باش بۆ داهات لە ووڵاتدا ئەگەر بەرێک و پێکی بەکاربهێنرێت لەسەر سیستم و ڕێساکانی تایبەت بە فڕۆکەخانە بەگەڕ بخرێت و ئامرازەکانی بۆ ساز و ئامادە بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە و لە ئەنجامی ئیش پێکردنی فڕۆکە و ئامێرو سیستمەکانی فڕۆکەخانەش چەندین کاریگەری زیان بەخشی ژینگەیشی لێ دەکەوێتەوە کە دەبێت دەسەلاتەکانی فڕۆکەوانی و فڕۆکەخانەکان لێکۆڵینەوەی دەربارە بکەن و هەنگاوی پێویست وەربگرن بۆ کەم کردنەوە و چارەسەرکردنی کاریگەریەکانی یان بەرگری بکرێت لە ڕووداتی.

دەتوانین بڵێین کە گواستنەوەی ئاسمانی تارادەیەک کاریگەریەکی خراپی هەیە لەسەر ژینگەی دەوروبەری فڕۆکەخانە بە بەراورد لەگەل جۆرەکانی تری گواستنەوەی وشکانی وەک ڕێگەی هێڵی شەمەندەفەر کە ئەم جۆرەیان کاریگەری هەیە لەسەر دریژایی ئەو شوێنانەی کە ڕێگاو هێڵەکانی شەمەندەفەریان پێدا تێ دەپەڕن بەهۆی ژاوەژاو [Noise] ئەو دەرئەنجامانەی کە لە سوتانی گاز و بەنزیندا دەردەچێت.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لەبەر دەستدان لە ماوەی [١٥] ساڵی ڕابوردوودا بەشێوەیەکی لەبەر چاو ئاستی ژیانی ئادەمیزاد بەرزبۆتەوە و دەرامەتی تاکە کەسی زیادی کردووە بەم هۆیەوە مرۆڤەکان زیاتر پەنا دەبەنە بەر گواستنەوەی ئاسمانی بۆسەفەر و کاتی پشووەکان و هەتا ئاستی ژیان بەرزبێتەوە مرۆڤەکان زیاتر هەستیاردەبن بەرانبەر باشی و چاکی ژینگە و گەران بەدوای شوێنی ئارام و پاکتردا بۆیە ئێستا زۆربەی بیرکردنەوەکانی مرۆڤ دەربارەی ژینگە و کەش و هەوا و شوێنی ئارام بەخشە زیاتر لەجاران.

لە ئێستادا لایەنە بەرپرسەکانی فڕۆکەوانی لە ئەورووپادا گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە لایەنی ژینگەیی فاکتەرێکی گرنگی یەکلاکەرەوەیە بۆ دانانی سیستمی فڕۆکەوانی لە ئایندەی گواستنەوەی ئاسمانی لە وڵاتەکانیاندا و پێویستیان بەوەیە کە گەورەترین توانای تەکنیکی و مرۆیی بۆ بەرخسێنن بۆ دابینکردنی باشترین ژینگەشان بەشانی گەورەبوونی فڕۆکەخانەکان و خزمەتگوزاریەکانی فڕۆکەوانی.

ئەو وڵاتانەی ئەورووپا وا پلانیان داناوە کە تا ساڵی ٢٠٢٠ ژینگەی وڵاتەکانیان تارادەیەک پاک بکەنەوە بەشێوازێک کە ڕێژەی گازە زیان بەخشەکان کەم بکەنەوە وەک دووەم ئۆکسیدی کاربۆن بە ٥٠٪ و ئۆکسیدی نیتروجین بە ٨٠٪ و ٥٠٪ ی ژاوەژاو بەبەراورد لەگەل ساڵی ٢٠٠٦ دا.

کاریگەری ژینگەی هەر فڕۆکەخانەیەک پێویستە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی ووردی زانستی بکرێت وڵایەنێکی پسپۆڕی پەیوەندیدار هەستێت بەولێکۆڵینەوەیە.

لە وڵاتی ئێمەدا کە هێشتا ژینگەکەمان بە پاکژی ماوەتەوە بە بەراورد لەگەل وڵاتانی پێشکەوتودا کە بەهۆی زۆری کارگە و سوتاندنی بڕێکی زۆر لە سوتەمەنی پیس بووە بەڵام لە ئایندەدا و لەبەر زۆر بوونی کارگە و فڕۆکەخانە و ئەو شوێنانەی کە پاشەڕۆی زیان بەخش دروست دەکەن و دەیکەنە ناو ژینگەی کوردستانەوە پێویست

دەکات هەر لەئێستەوە هەنگاوی پێویست وەربگیرێت و پلان دابنرێت بۆ بەرگریکردنی پیسبوونی ژینگەکەمان و ستانداردە جیهانیەکان بەرجەستەبکرێت بۆ جێبەجێکردن و کۆنترۆڵکردنی بەرهەم و دەرکردەکانی ئەو دامەزراو و شوێنانە و هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵە پشکی خۆی هەیە چ لە پیس بوونی ژینگەکەی چ لە چارەسەری کاریگەریەکانی.

ئەگەر بێت و ئەو کاریگەریانەی کە پەیوەندیان هەیە بە ژینگەوە و لە ئەنجامی گواستنەوەی ئاسمانیەوە دەردەچێت کە تیایدا فرۆکەخانەکان وەک کارگەیەکی قەبارە ناوەند مەزەندەبکرێت دەتوانین لە خشتەیەکی [٧] گروپیدا وەک لە خوارەوە نوسراوە ئەژماریان بکەین:

١. ژاوەژاوی فرۆکە Noise of aircraft.

• ژاوەژاوی فرۆکە لەسەر دەوروبەری فرۆکەخانە Noise of aircraft in the vicinity of the airport

• لە تێستکردنی بزوێنەرەکانی فرۆکەکان کەدەکرێت لەناو فرۆکەخانەدا Tests of aircraft engine

• دەنگەبەرزەکان Super sonic boom

• دەنگی فرۆکە لە ئاسماندا Noise of aircraft in en –route

٢. پیسبوونی ئاسمان و دەوروبەری فرۆکەخانەکان Air pollution in the vicinity of the airport

• لە بزوێنەری فرۆکەکانەوە emissions from Aircraft engines

• لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلی ناو فرۆکەکانەوە emissions from operation of vehicles

• لە ئەنجامی هاتووچۆ بۆ فرۆکەخانە و لە فرۆکەخانەوە emissions from transporting to and from airport

• لەسەرچاوەکانی تری فرۆکەخانەوە وەک Heating plants

٣. کاریگەری فاکتەرە جیهانگیرەکان Factors from global impact

• سەفەرە دوورووودرێژەکان وبارانی ترشەلۆکی Long distance transfer of air pollution (acid rain)

• لێکهەڵوەشاندنی اوکسیدی کاربۆن depletion of carbon dioxide in or near the tropopause

• کاریگەری ئۆزۆن deposition of ozone layer

٤. دروست کردنی فرۆکەخانە Air port Construction

• هەڵکەندنی بناغەکان Excavation of soil

• داروخانی خاک soil erosion

• یەکانگیری لەگەڵ جۆگەلە و کەناڵە ئاویەکاندا Interference with ground water channels and rivers

• کاریگەری لەسەر گژوگیا و سەوزایی و ناوچەی قامیشەلان Impact on flora and fauna

٥. پیسبوونی سەرچاوەی ئاو و خاکەکانی دەوربەری فرۆکەخانە Contamination of waters & Soil in the vicinity of airport

• چارەسەری ناتەواوی پاشەرۆ و ئاوەرۆکان Imperfect treatment of waste water

• دزەکردنی بەرهەمەکانی زەیت و گاز بۆ ژێر زەوی Leaks of oil products

• لابردنی زوقم و بەفر لەسەر ناوچە رووپۆشکراوەکانی فرۆکەکان بە مەوادی کیمیاوی De– icing of airport pavements and aircraft by chemicals

٦. پاشەرۆکان Waste Management

• هەڵگرتن و رادانی مادە مەترسیدارەکان [Hazardous Materials] کە لە چاکسازی فرۆکەدا بەکاردێت.

• ئەو پاشەرۆیانەی کە لەئەنجامی بەگەرخستنی فرۆکەخانە و گەیشتنی فرۆکەکان دروست دەبێت.

٧. بەگەرخستنی فرۆکە و رووداوەکانیان: Aircraft operation including incidents and accidents

• کاریگەری وژەی فرۆکەکان لەسەر دانیشتوانی نزیک فرۆکەخانە Wake vortices and their impact

• بەفری شین کە لە ئەنجامی لیکی ئاوەرۆی فرۆکەکانەوە دروست دەبێت Blue ice phenomenon

• رووداوی ئەو فرۆکانەی کەشەمەکی مەترسیداریان تێدایە Hazardous Cargo

• ئەو مەترسیانەی کە لە ئەنجامی بەتاڵکردنەوەی بەنزینی کتوپر رووەدات Emergency procedures connected with

aircraft de – fueling

• ئەو مەترسیانەی کە لە ئەنجامی ڕووداوەکان دروست دەبن لەسەر کۆمەڵگا وەک [لیکی بەنزین ، لیکی ئەو مەوادانەی کە بۆ ئاگرکوژاندنەوە بەکاردەهێنرێن لە ناو فڕۆکەکاندا بۆ سەلامەتی خەڵک]

Other negative effects

مەرج نیە سەرجەم ئەو کاریگەریانە لە هەموو فڕۆکەخانەیەکدا ڕووبدات بەڵکو هەر شوێنە و بەپێی قەبارە و ئەو چالاکیانەی کە تیایدا ئەنجام دەدرێن ژمارەیەک لەو کاریگەریانەی هەیە.

تۆزینەوە و لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە ژاوەژاوی دەوری فڕۆکەخانەکان لەشەودا زیاتر کاریگەری هەیە وەک لە ڕۆژدا لەسەر دانیشتوانی دەوروبەری فڕۆکەخانەکان و ئەو ژاوەژاوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر نەخۆشیەکانی دڵ و سوڕی خوێنی لەش هەروەها کاریگەری زیاتری هەیە لەسەر تووش بوونی ئافرەتان بە خەموکی.

دەنگ و ژاوەژاو Sound & Noise

دەنگ بریتیە لە جۆلەیەکی میکانیکی شەپۆلەکان لەسەر چاوەیەکەوە دروست دەبێت و دەتوانێت لە ناوەندێکی وەک گاز ، شلەمەنی و ڕەقی تێپەڕێت و خێرایی تێپەڕبونیشی پابەندە بە سروشتی ئەو ناوەندەی کە پیایدا تێدەپەڕێت.

لەلایەکی تریەوە دەتوانرێت پێناسەی دەنگ بە گۆڕینی فشار بکرێت کەلەسەر گوێچکەی ئادەمیزاد دروست دەبێت و ئەو لەرەلەڕەی کە گوێچکەی ئادەمیزاد دەتوانێت دەنگی پێ وەربگرێت لە ٢٠ تا ٢٠٠٠٠ هرتزە لە ژێر ٢٠ یان سەروو ٢٠٠٠٠ هرتز مرۆڤ ناتوانێت ئەو دەنگانە وەربگرێت.

ژاوەژاو بریتیە لە بەرزی دەنگ و تێکدانی لایەنی دەرونی کەسەکان و تا چ ڕادەیەک ئەو کەسە بێزار دەکات.

مێشوولەیەک دەتوانێت مرۆڤێک بێزار بکات بە ژاوەژاوی کەم و کاتێک زیکە زیک دەکات و ڕەنگ بێت ئاستی بێزاری مێشوولەیەک زۆرتر بێت لەکاتی خەودا لە کاریگەری ژاوەژاوی فڕۆکەیەک.

لێکۆڵینەوەکان دەریان خستووە کە دەنگ لەخوار [٤٥] دیسبل کاریگەری نیە و دەرکەوتووە کە لە دوای (٦٠) دیسبل هەست دەکرێت بە کاریگەری دەنگ و ژاوەژاو تا دەگاتە بری [٨٥] دیسبل کە مرۆڤ بێزار دەکات و زاناکان ژمارەیەک نەخۆشیان دیاری کردووە کە لە ئەنجامی ژاوەژاو دروست دەبێت.

- بەرزبوونەوەی فشاری خوێن.
- کزبونی هەستی بیستن.
- سەریەشە.
- هەستکردن بەماندویی.
- خەوزڕاندن و خەوبینینی ناخۆش.
- کەم بوونەوەی خواردن.
- بێزاری.

لە ئێستادا ئەو کۆمپانیایانەی کە فڕۆکە دروستدەکەن هەوڵی زۆر دەدەن بۆ کەمکردنەوەی دەنگ و ژاوەژاوی بزوێنەری [Aircraft engines] فڕۆکەکان و کەمکردنەوەی کاریگەریان لەسەر ژینگە، هەر پێشکەوتنێک لەم بوارەدا کە بۆ کەم کردنەوەی ژاوەژاوی بزوێنەرەکان دەکرێت دەرامەت و داهاتی گواستنەوە ئاسمانی بەمسۆگەری زیاد دەکات چونکە داوا لەسەر بەکارهێنانی فڕۆکەکان زیاتر دەبێت و سکالاکان لەسەر فڕۆکەخانەکان کەم دەبێتەوە.

بۆچارەسەرکردنی بەشێک لە کەمکردنەوەی دەنگی فڕۆکەکان لەکاتی ئیشکرندا دەستەلاتی فڕۆکەخانەکان هەڵدەستن بە دروستکردنی Restricted surfaces واتە بەربەست بەپێی پێوەرەکانی جیهانی لە ناوچە هەستیارەکانی Runway بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری دەنگی بزوێنەری فڕۆکەکان لە کاتی take off یان Landing بۆ سەر ناوچەکانی نزیک فڕۆکەخانە.

هەروەها دەتوانرێت دەنگ و ژاوەژاو کۆنترۆڵ بکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە :

- دانانی فلتەری کەمکردنەوەی دەنگ لە بزوێنەرەکانی فڕۆکەکان.
- گۆڕینی بزوێنەرە کۆنەکان بە نوێ.

- بەکارنەهێنانی فڕۆکە کۆنەکان .
- گۆڕینی پێوەرەکانی فرین.
- چاندنی جۆری تایبەت لە درەخت لە دەوری فڕۆکەخانەکان کە بگونجێن:
١. لەگەڵ بارودۆخی کەش و هەوای ناوچەکە.
٢. بەربەست بێت بۆ دەنگ.
٣. زوو گەشەبکات.
٤. چڕی زۆر بێت.

ئاژانسی ICAO ی سەربەنەتەوە پەکگرتووەکان تایبەت بە فڕۆکەوانی لە دۆکۆمێنت و بلاوکراوەکانیدا چەندین چارەسەر و ڕێگای داناوە بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری ژاوەژاو لەسەر ڕووبەری فڕۆکەخانەکان و بە گشتی لەم قۆناغەی ئێستادا چوار ڕێگا هەیە بۆ ئەو کەم کردنەوانە:

ڕێگای یەکەم: کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی تەکنیک و سەلیقەی باشتر لە دروست کردنی بزوێنەری فڕۆکەکان و پابەند بوون بە Certificate لە لایەنە بڕوا پێکراوەکانی فڕۆکەوانیەوە.

ڕێگای دووەم: کۆنترۆڵکردنی ڕێساکانی کارپێکردنی فڕۆکەکان و سنوردارکردنی شوێنی جولەی فڕۆکەکان لەناو فڕۆکەخانەدا.

ڕێگای سێهەم: سنوردارکردنی جۆروکاتی گەشتەکان.

ڕێگای چوارەم: هەلبژاردنی شوێنی گونجاو بۆ فڕۆکەخانەکان و پلانی تۆکمە بۆ شوێنەکانی نیشتەجێ لەدەوروبەری فڕۆکەخانەکان.



ولاتە پێشکەوتووەکان لە ئەورووپا و ئەمریکا یاسا و ڕێسای تایبەتیان داناوە زۆر بە ووردی پەیڕەوی دەکەن بۆ زانینی ئاستی ژاوەژاوی فڕۆکەکان و چۆنێەتی چاودێری و تۆمارکردنی ئاستی ئەو ژاوەژاوە، هەر ولاتەو بە پێی پێویست و ڕێنماییەکانی تایبەت بەخۆی لەوبارەیەوە و تەنها بۆ [زانینی یەکەی پێوانەی ژاوەژاوە dB ناودەبرێت کە کورت کراوەی decibel ئینگلیزی یە].

ئەو ولاتانەو بۆ چاودێریکردنی ژاوەژاوی فڕۆکەکان و زانینی ئاستی کاریگەریان لەسەر هاولاتیان ئاتەکانی فرینیان دەست نیشانکردووە بە ڕۆژ و ئێواران و شەو و هەر ناوچەیەکیش بەپێی دورونزیکی لە فڕۆکەخانەکانەوە سنورێکی دیاریکراویان بۆ داناوە و چاودێری دەکەن بۆ پەیڕەوکردنی خشتەی گەشتەکانیان بەشێوەیەک کە باشترین ژینگە بسازێنن بۆ هاولاتیان و ئەو کەسانەی کە لە نزیک فڕۆکەخانەوە دەژین.

بۆ دلنیا بوون لە جێبەجێ کردنی ئەو بەرنامەیە کە لەسەرەوە ئاماژەیان پێدرا لە فڕۆکەخانە گەورە و قەرەبالغەکاندا چەندین ئامێر و ئامرازی تایبەت دابینکراوە و بەکاردەهێنرێت بۆ تۆمارکردنی ئاستی ژاوەژاو و هەلسەنگاندنی تایبەتی بۆ دەکرێت کە تایدا بەرنامە کۆمپیوتەریەکان پرۆسیسی بۆ دەکەن و ڕاپۆرتی هەستیارەکان بەشداری کارا لەم بوارەدا دەکەن.

ڕێگای یەکەم:

- کۆنترۆڵکردنی کاریگەری پاشەڕۆی سوتەمەنی فڕۆکەکان [گازەکان]

بەپێی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە جیهانیەکان گواستنەوەی هەوایی تەنها [٥٪]ی بەرهەمی نەوتی جیهانی بەکاردەهێنێت و هەموو سالێکیش بەهۆی تەکنەلۆجیاوە ڕێگاچارە زانستیەکان پێشکەوتنێکی بەرچاویان هەیە بۆ کەم کردنەوە لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە سوتەمەنیانە کە بۆ فڕۆکەکان بەکاردەهێنرێن بەڕادەی ٣ بۆ ٤٪.



ئەو فڕۆکانەی کە پێیان دەوترێت [Turbojet] و لە

ساڵی ١٩٨٢ بەدواوە دروستکراون بەڕێژەی ٨٥٪ گازی زیان بەخشی کەمتر دروست دەکەن وەک ئەو فڕۆکانەی کە لەساڵانی حەفتاکاندا دروست کراون، ئەو گازە زیان بەخشانەش وەکو یەکەم اوکسیدی کاربۆن Co و ئۆکسیدەکانی نیرۆجین NOX و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن Co2.

هەر بۆ بەراورد لەگەڵ ئامرازەکانی گواستنەوەی تر وەک وشکانی و شەمەندەفەر و گەشتی ئەم جۆرانە نزیک ٢٢٪ ی گازە زیان بەخشەکان بە تایبەتی Co2 دروست دەکەن بەڵام گواستنەوەی ئاسمانی تەنها ١٪ ی Co2 ی جیهان دروست دەکات.

یەکێک لە کاریگەرترین هۆکانی دروست بوونی ئەو گازە زیان بەخشانە لەناو فڕۆکەخانەکاندا ئەو ئامێر و ئامرازانەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ خزمەتگوزاری گەشتیار و فڕۆکەکان Ground handling Equipments لەسەر Apron.

و بەتایبەتی کاریگەری بەکارهێنانی ئەو ئامێرانە لە وەرزی هاویندا و لەکاتی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمادا زیاد دەکات ئەو کاتە کە بە بەردەوامی و لەکاتی وەستانی فڕۆکەکاندا چەندین ئامێری وەک Air Condition و Jet-starter و GPU و ئیش دەکات یان چەندین ئۆتۆمبێل هەڵدەستێت بە گواستنەوەی گەشتیار و شمەک و پێداویستیەکان و هەموویان بڕێک گازوایل یان سوتەمەنی دەسووتێنن و لە ئەنجامدا چەندین گازی زیان بەخش بڵاودەبێتەوە کە سەرجەمیان لە نزیک بینای Terminal کاردەن.

لە کانونی دووەمی ٢٠٠٦ وە وڵاتەکانی یەکێتی ئەورووپا پرۆژەکەیان ئامادەکردووە کە سەرجەم هێڵە ئاسمانیەکانیان ئاگادار کردۆتەوە کە بەشداری بکەن لە کەمکردنەوەی دروستبوونی گازی زیان بەخش لە ئەنجامی گەشتەکانیان و پلانەکە لە ڕۆژی یەکەمی ساڵی ٢٠١٢ وە دەست دەکات بەجێبەجێ کردن بۆ ئەو فڕۆکانەی کە دەفڕن بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا یان لێیانەوە دەفڕن.

بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە کۆمپانیاکان بۆ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئامێر و ئۆتۆمبێل هەوڵدەدەن سەرچاوەی ئەلکترۆنی کارەبایی زیاتر بەکاربهێنن بۆ بارکردن یان داگرتنی شمەک و گەشتیاران هەروەها خزمەتگوزاریە پێویستیەکان بۆ ناو فڕۆکە وەک فێنک کەرەوە و هەوای پەستا و لە ڕێگەی [Air bridge] یان [خرگومەکانەوە] بەڕێگەی ئەلکترۆنی و کارەبایی بگەینە ناو فڕۆکەکان.

ڕێگای دووەم:

• چارەسەرکردنی سەرچاوە ئاویەکان Water source Management

هەر فڕۆکەخانەیەک بە گوێرەی قەبارە و پێویستی خزمەتگوزاریەکانی بڕێکی دیاریکراو ئاو بەکاردەهێنێت بۆ خواردنەوە و پاک و تەمیزی و ئامادەکردنی خواردن یان ساردکردنەوەی سیستەمەکانی Air Condition بێت یان لە بەشی ئاگرکوژاندنەوە و فریاکەوتن بێت یان بۆ ئاودانی باخ و باخچەکان بێت، هەروەها لە ئەنجامی بەکارهێنانی ئەو بڕە ئاوانە هەڵبەت بڕێک ئاوی پیس دروست دەبێت [Waste watĕr] کە کۆدەکرێتەوە و بەپێی سیستەمێک دەڕژێتە شوێنێک لە شوێنەکانی فڕۆکەخانەوە.

لەڵایەکی ترەوە بۆ پاریزگارکردنی سەلامەتی Apron Taxiway, Runway, و بەتایبەتی لەو شوێنانەی کە سروشتی زەوی فڕۆکەخانەکە بەجۆرێکە کە ئاراستەی ئاوی باراناو بەرەو ئەو ناوچانە دەچێت بۆئەو مەبەستە چەندین جۆگە و کەنال دروست دەکرێت بۆ کۆکردنەوە و لادانی لافاو و ئاوی باراناو بۆ ناوچە نزمەکان.

هەروەها بڕێکی تری ئاو کە تێکەڵە لەگەڵ چەندین جۆری ڕۆن و گاز و سوتەمەنی کۆدەکرێتەوە لە ئەنجامی شتن و بەکارهێنانی ئامێرەکان.

لەهەر سێ حاڵەتی سەرەوەدا ئەو ئاو و ئاوەڕۆیانە پێویستە بەچارەسەرکردنی تایبەت هەیە واتە [Waste water treatment] پێویستە هەر حاڵەتەو بەپێی پێویستی خۆی.

هەڵبەتە ئەو جۆرە چارەسەرانە لە فڕۆکەخانە گەورەکاندا زیاتر پێویستە چونکە بڕی ئەو ئاوانە کە بەکاردەهێنرێت بە جۆرێک لە جۆرەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر ژینگەی فڕۆکەخانە و دەوروبەری.

ئاوی ئاوەڕۆکان بەسیستەمێکی پاکژکەرەوە لە ناو فڕۆکەخانەدا پاکدەکرێتەوە جا ئەو ڕێگەیە Biological بێت یان هەر جۆرێک لە Waste water treatment system یان ناردنی بێت بۆ سیستمی ئاوەڕۆی شارەوانیەکان.

ئاوی باراناوی کۆکراوەش دەکرێت بە ڕێگای تایبەتی خۆی چارەسەر بکرێت و بەکاربهێنرێتەوە بۆ چەندین مەبەست وەک خواردنەوە و ئاودان و پاککردنەوە.

ئەو ئاوەڕۆیانەی کە تێکەڵن لە ڕۆن و گاز و جۆرەکانی تری

سوتەمەنی و Oil لە ئەنجامی چاکسازی و بەگەڕخستنی ئامێر و ئۆتۆمبێلەکانی ناو فڕۆکەخانە دروست دەبێت دەکرێت پاکژکردنەوەی تایبەتیان بۆ بکرێت و تێکەڵ بەسیستەمەکانی تر نەکرێت و ئەو شوێنانەی کە ئەو جۆرە ئاوەڕۆیانەی تیا دروست دەبێت حسابی تایبەتی بۆ بکرێت و شوێنی تایبەتیان بۆ ئامادەبکرێت و جۆری چاکسازیەکەشی هەر تایبەت بێت وەک Treatment Basin , Manhole , Trap

ڕێگای سێیەم:

• سنوردار کردن و کۆنترۆڵکردنی کاتی گەشتەکان.

گواستنەوەی ئاسمانی و بەکارهێنانی فڕۆکە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و ئاسانکاری بۆ جێبەجێکردنی چالاکیەکانی بەڵام وەک هەر ئامرازێکی تری تەکنەلۆجیایی دەبێت زۆر بەئاگایی بەکاربهێنرێت وڵێکۆڵینەوەی قول بکرێت بۆ زانینی کاریگەرە خراپەکانی ئەگەر بەراست و بەپێی پێوەرەکان بەکارنەهێنرێت بەژاوەژاوی فڕۆکەو دەنگی بزوێنەرەکانی بەپێی گەورە و بچوکی فڕۆکە و دوورو نزیکی لە شوێنی نیشتەجێکانەوە کاریگەری خراپی دەبێت بۆیە فڕۆکەخانەکان ئەوانەی کە ژمارەی گەشتەکانیان زۆرە جۆر و قەبارەی فڕۆکەکانیان گەورەیە دەبێت کاتی فرین و نیشتنەوەی ئەو فڕۆکانە بەشێوازێک ڕێک بخەن کە کارنەکاتە سەر ژیانی مرۆڤەکانی دەوروبەری فڕۆکەخانە.

هەر ولاتەو بەپێی پێویست و یاسا و ڕێساکانی خۆیان لەبەر بەرژەوەندی گشتی ژیانی هاوڵاتیانی خۆیان کاتی گەشتەکان دیاری دەکەن بۆ نمونە لە سلۆڤاکیا پۆلینی گەشتەکانیان کردووە کە لە [٣] کاتدا ئەو گەشتانە ڕێک دەخەن:

یەکەم – لە کاتژمێر ٦ بەیانی تا ١٨ واتە [٦ ئێوارە]

دووەم – لەکاتژمێر ١٨ تا ٢٢ واتە [١٠ شەو]

سێیەم – لە کاتژمێر ٢٢ تا ٦ بەیانی

و بۆ هەر یەکێک لەو پۆلینانە ئاستێکی دیاریکراویان داناوە بۆ ژاوەژاو بەپێی ستانداردەکان و جۆری گەشتەکانیان دیاری کردوە.

لە کۆماری چیک دوو جۆر پۆلینیان داناوە:

یەکەم – لە کاتژمێر ٦ بەیانی تا ٢٢ واتە [١٠ شەو]

دووەم – لە کاتژمێر ٢٢ تا ٦ بەیانی

هەر فڕۆکەخانەیەکیش بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەو ژاوەژاوانە سیستەمی تایبەتی داناوە کە چاودێری بەردەوامی ئاستی ژاوەژاوەکان دەکات بەپێی ئەو برانەی کە بۆیان دیاری کراوە و ئاستێکە لەگەڵ پێوەرە جیهانیەکاندا یەک دەگرنەوە.

ئەوەش وەبیردەهێنێنەوە کە ڕێکخراوی ICAO لێکۆڵینەوە و ڕێسای تایبەتی هەیە بۆ بواری ژاوەژاو کە یەکێکە لە فاکتەرە کاریگەریەکانی سەر ژینگەی فڕۆکەخانە و دەوروبەری.

هەروەها دەبێت گرنگی تەواو بدرێت بەو شوێنانەی کە خولی ڕاهێنانی تێدا دەکرێت بە بەکارهێنانی ئاو و Chemical و powder بۆ بەشەکانی ئاگرکوژاندنەوە و فریاکەوتن و شوێنی تایبەتیان بۆ ئامادەبکرێت بۆ کەم کردنەوەی کاریگەری لەسەر خاکی ئەو شوێنە چونکە بەکارهێنانی هەر مادەیەکی کیمیاوی و بلاوکردنەوەی دەبێتە هۆی تێکدانی سروشتی خاکی ئەو شوێنە.

ڕێگای چوارەم:

• سروشتی ناوچەی فڕۆکەخانە Airport site selection

وەک ئەژمار کراوە و لێکۆڵینەوەکان ئاماژەیان پێداوە ڕووبەری ئەو زەویانەی کە بەکار دەهێنرێت بۆ فڕۆکەخانەکان بەڕێژەی ٨٪ کەمتر لەو زەویانەی کە هێڵی شەمەندەفەر بەکاریان دەهێنێت و بە ڕێژەی ١٪ کەمتر لەو ڕوبەرانەی کە گواستنەوەی وشکانی بەکاری دەهێنێت بەڵام ڕادەی بەکارهێنانی ئەو زەویانە کە فڕۆکەخانە بەکاری دەهێنێت [Efficiency] [٥] بەرانبەر زیاترە لە هێڵی شەمەندەفەر و ٦ بەرانبەر زیاترە لە ڕێگای و شکانی.

لە دروست کردنی فڕۆکەخانەدا و لە قۆناغەکانی تری فراوانکردندا بەتەنها ئەوە پێویست نیە کە هەر ناوچەی فڕۆکەخانە لەبەر چاوبگیرێت وەک ڕێکخستنی زۆنەکان و سروشتی ناو فڕۆکەخانە بەڵام پێویستە ناوچەکانی تری دەوروبەری فڕۆکەخانەش [Vicinity areas] بەهەند وەربگیرێت و کارێکی وابکرێت ئەو دامەزراوانەی کە لە ناو فڕۆکەخانەدا دروست دەکرێت بەجۆرێک بێت کە سروشتی ناوچەکە بەگشتی بپارێزێت لە تێکدان و هێشتنەوەی سروشتێک کە بگونجێت لەگەڵ ژیاندا، ئەو چارەسەرەش دەکرێت جێبەجێبکرێت بە دروستکردنی ناوچەی سەوز واتە ڕواندنی دار و درەخت و ڕێکخستنەوەی ڕوبەرەکانیش بە دروستکردنی دەریاچە

و شوێنی جوانکاری سروشتی بۆ هێشتنەوەی سروشتی ئاسایی ناوچەکە بەڵام بەجۆرێک بێت کە نزیک Take off path ی فڕۆکەکان و شوێنە مەترسیدارەکان نەبێتە دروستکردنی چاڵاکی و شوێنی کۆکردنەوەی باڵندەکان و دروستکردنی مەترسی لەسەر گەشتەکان.

لەو بوارانەدا زۆر جار پێویستە ناوچە و شوێنەوارە گرنگەکان پارێزگاریان لێ بکرێن و جێگۆرکێ بەچەندین شوێن و پرۆژەی تر بکرێت کە کاریگەریان لەسەر سروشتی شوێنەکە هەبێت لە ئەنجامی دروستکردن و فراوانبوونی فڕۆکەخانەکان.

سەبارەت بەو کاریگەرە ژینگەییانەی لە دروستکردن و بەگەڕخستنی فڕۆکەخانەی سلێمانی دروست دەبێت و لە ئایندەدا دەیکاتە سەر ناوچەی دەوروبەری فڕۆکەخانە دەتوانین پوختەکەی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕوون بکەینەوە:

١. وەک هەر پرۆژەیەکی تری خزمەتگوزاری گرنگ کە ناتوانرێت دەست بەرداری بین فڕۆکەخانە بۆتە هۆی داپۆشینی ڕوبەرێک لە زەوی کشتوکاڵی و سەوزایی و گۆڕینی سروشتی ئەو زەویانەی کە Apron , Taxiway, Runway و بینا خزمەتگوزاریەکان و شەقامەکانی لەسەر دروست کراوە.

٢. هەڵکەندنی قەبارەیەکی گەورە لە زەوی و فرێدانی بۆ شوێنی تری ناوچەکە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی پرۆژەکە.

٣. لەبەر گەشەکردن و فراوان بوونی شاری سلێمانی و یەکە نیشتەجێکان زۆر نزیک بوونەتەوە لە فڕۆکەخانە بە تایبەتی لەناوچەی بەکرەجۆ و ڕاپەڕین کە ئەگەر کۆنترۆڵ نەکرێت لە ئایندەدا گرفت بۆ خەڵکەکە و فڕۆکەخانە دروست دەکات.

٤. ئاراستەی فڕین و نیشتنەوەی فڕۆکەکان کە بە ئاراستەی شارۆچکەی عەربەت بۆ سەر کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە درێژدەبێتەوە پێویستە بە ووردی چاودێری بکرێت و ئەو دامەزراوانەی کە تایدا دروست دەکرێت بەپێی پێوەرەکانی [Obstacle Charts] کۆنترۆڵ بکرێت.

٥. هەروەها بۆ ناوچەکانی دەوروبەری فڕۆکەخانەش پێویستە کۆنترۆڵی بەرزی تاوەر و خانوو و باڵەخانەکان بکرێت و لە ئاستی Horizontal Surface و Conical Surface ی Obstacle دەرنەچێت.

٦. کاربکرێت بۆ کەم کردنەوەی نیشتەجێبوون لە ناوچەکانی خواروی شەقامی سلێمانی – کەرکوک بەلای فڕۆکەخانە.

٧. لە ئایندەیەکی نزیکدا چالاکیەکانی بەشی کارگۆی فڕۆکەخانە و شەمەک گواستنەوە زیاد دەکات دەبێتە هۆکاری زیاد بوونی بەکارهێنانی فڕۆکە و ئامێر و ئۆتۆمبێل کە لە ئەنجامی هەمویان کاریگەری خراپ لەسەر ژینگەی دەوروبەری دەکات.

٨ دروستنەکردنی دەریاچە و ئەستێل کۆکردنەوەی ئاو لەبەر مەترسی کۆبونەوەی باڵندەکان و دروستبوونی مەترسی لەسەر فڕۆکەخانەکان دووبارە فاکتەرێکی تر بۆ ڕاونانی باڵندەکان و گۆڕینی سروشتی ناوچەکە.

ئەمانەی سەرەوە و چەندینی تریش سەرجەمیان کاریگەریان هەیە لەسەر گۆڕینی سروشتی ناوچەکە و گۆڕینی ژینگەکەی کە شتێکی پێویستی لە ڕادەبەدەریشە کە ناتوانرێت دەستبەرداری بین بۆیە دەبێت هەر لە ئێستاوە لێکۆڵینەوەی حالەتەکە بکرێت و چارەسەری بۆ دابنرێت قۆناغ بە قۆناغ.

References:
- Planning&Design of Airports- Robert Horonjeff __ Francis X-McKelvey
- Internet

کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی

ئەندازیار

شادان مەدحەت موبارەک

سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی

ئامادەکردنی گۆڤاری ئەندازیاران

...لە گۆشەی ئەم جارەماندا کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانیمان بەسەرکردەوە بۆ ئەم مەبەستەش ڕوی پرسیارمان کردە بەڕێز خاتو (شادان مەدحەت موبارەک)سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری کەمپەکەو بەڕێزیشیان بەم شێوەیە وەلامیان دایندوە ...

پرسیار / سەرەتا بیرۆکەی دروست کردنی ئەم کەمپی زانکۆیە لەکوێوە سەریهەلدا ؟ بۆچی ؟

وەلام/ لەسەرەتای ساڵەکانی (٢٠٠٠)دا کاتێک فەخامەتی سەرۆک کۆماری عێراق هەقاڵ مام جەلال سەردانی تورکیا دەکات و لەوێ زانکۆی (بیلکەند) دەبینێت، پاش گەڕانەوەی بۆ کوردستان داوای دروستکردنی لەوجۆرە لەشاری سلێمانی دەکات.

بەپێی وتەی د. بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکی پێشووی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بیرۆکەی دروستکردنی ئەم زانکۆ نوێیە لەپاش داواکەی هەقاڵ مام جەلال دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٢٠٠٠-٢٠٠٣) و بەرپرسانی ئەوکاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی سلێمانی) خودی د.بەرهەم ئەحمەد و د.کەمال خۆشناو سەرۆکی ئەوکاتی زانکۆی سلێمانی لەبەر زەروورەتی دروستکردنی کەمپێکی لەوجۆرە بۆ شاری

سلێمانی بە بەردەوامی بیریان لەوە کردۆتەوە وەکو خەونێکی دێرین هەوڵیان بۆ بەدیهێنانی داوە، تاوەکو دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئەم پرۆژەیە لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٢/١٩)دا کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە.

پرسیار /لە چ سااڵێک و لەسەردەمی کام کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بەردی بناغەی دانرا؟ چۆن دەستپێکرا؟

وەاڵم/ لەسەردەمی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان/ ئیدارەی سلێمانی بەڕێز (عومەر فەتاح) سالی (٢٠٠٥) بەردی بناغەی پرۆژەکە لەاڵیەن بەڕێزیانەوە



سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان / ئیدارەی سلێمانی لە ساڵی ٢٠٠٥

دانراوەو ماوەی (٦) ساڵ بۆ تەواوکردنی کارەکانی دانراوە، ئەوەش بە سەرپەرشتیاری بۆردێک لەاڵیەن وەزارەتی خوێندنی باڵاوە، هەروەها هەردوو کۆمپانیای (FDC وTEPE)ەوە کارەکان جێبەجێکراون، بەاڵم بەهۆی هەندێک نوێکاری و کاری زیادەوە کارەکانی پرۆژەکە ڕێکەوتی (٢٠٠٨/١٢/٣١) وەستاوەو لەوماوەیەدا لە ٣٨٪ کارەکانی پرۆژەکە تەواوکراوە.

پرسیار /ئەو کۆسایەتیانە کێبوون کە ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە پشتگیرکردن وسەرخستن و بەردەواڵمبون و تەواوکردنی ئەم پرۆژەیەدا؟

وەاڵم/ فەخامەتی هەڤاڵ مام جەاڵل سەرۆک کۆماری عێراقی فیدراڵ، بەڕێز د. بەرهەم ئەحمەد سااڵح سەرۆکی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێز عومەر فەتاح/ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان / ئیدارەی سلێمانی ٢٠٠٥ و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ٢٠٠٦-٢٠٠٩و بەهەول و

هیمەتێکی زۆری بەڕێزیان لەو سەردەمەدا بودجەی پرۆژەکە دابینکراوە کە لەوکاتانەدا حکومەتی هەرێم خاوەن بودجەیەکی کەمیش بوو وەک ئیدارەی سلێمانی و لە پای ئەو هەوڵ و هیمەت و ڕۆڵە گەورەیەیدا کە بەڕێزیان نواندویانە بۆ ئەم کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانیە و زانکۆی ئەمریکیش دەستخۆشی و سوپاسنامەی ئاراستە کراوە، بەڕێز کامەران

THE AMERICAN UNIVERSITY OF IRAQ
SULAIMANI

ژمارە: BORT ٤/٢٠٠٨ ١٥ شباط ٢٠٠٨

زۆر بەڕێز کاك عمر فتاح
جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان
کۆماری عێراق، هەرێمی کوردستان، هەولێر

بابەت: سوپاس نامە

زۆر بەڕێز جەنابی کاك عمر فتاح:

لە بری ئەنجومەنی ئەمیندارانی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی، سوپاسێکی گەرمت ئاراستە دەکەین بۆ بەخشینی بڕی ١٠،٠٠٠،٠٠٠ دۆالر بە زانکۆکەمان. هیمەتی بەڕێزتان پشتگیریەکی بڕیندو بوو لە پێناو پەرەپێدان بە دابینکردنی پێداویستیە بەردەوامەکانی خوێندنی باڵا بۆ خەڵکی کوردستانی عێراق و ڕۆژهەاڵتی ناوەڕاست بە گشتی.

پشتگیری بەردەوامی بەڕێزتان بۆ زانکۆکەمان خەونی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی دەهێنێتە دی. ئێمە ئەو ڕاستیە دەبینین هەموو کات لە دەستکەوتەکانی خوێندکارانی زانکۆکەمان، ئەوانەی شێوازێکی خوێندنی بێ هاوتا لە عێراق و وەدەگرن. خوێندکارەکان، بەش بە حاڵی خۆیان، هەڵی خوێندنیان لە زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی بە پشتیوانخوازی نێودەوڵەتی بەڕێزی دەژانن.

دەروێنەی ئایندە بۆ هاوکاری بەڕێزتان و بەردەوامبون لە کارکردن لەگەڵ جەنابتان لە پرۆژەی بیناکردنی زانکۆی ئەمریکی لە عێراق-سلێمانی ئەرکێکی بەرزە بۆ ئێمەش بۆ پێشخستنی کۆمەڵگاکەمان و فێرکردنی گەنجەکانمان.

دڵسۆزتان،

د. بەرهەم صالح
سەرۆکی ئەنجومەنی ئەمینداران و باوەڕپێکراوانی زانکۆ
زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی

د. جۆشوا مێتڵۆف
ڕاگر و سەرۆکی زانکۆ بە وەکالەت
زانکۆی ئەمریکی لە عێراق - سلێمانی

هاوبێژ: بەوتەی دانانی جەکی بارە

7, Street 10, Quarter 410, Ablakh Area, Sulaimani, Iraq • +964 0533134612 • +964 0533134615

ئەحمەد وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی حکومەتی

THE AMERICAN UNIVERSITY OF IRAQ
SULAIMANI

June 22, 2010 REF# AUI-S 2010/100

Mr. Omer Fatah Hasen
Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

Subject: Accreditation

Dear Mr. Omer,

I write you in my capacity as Acting Chancellor of The American University of Iraq – Sulaimani, to convey some very good news. We have just received a letter indicating that AUI-S has received accreditation from The American Academy of Liberal Education, a national accreditation body, located in Washington, DC, which also awards international accreditation according to American standards. By unanimous vote, AUI-S has been certified. That means that AUI-S is now the only University in Iraq that has U.S. Higher Education certification.

This very good news would not have been possible without your generous support. We continue to believe that AUI-S is one of the finest Higher Education initiatives in the world today, an initiative about which all Iraqis should be proud. With your continued support, AUI-S will help to produce the next generation of leaders, which will benefit the Kurdistan Region and all of Iraq.

Best wishes,

هەرێمی کوردستان، بەرێز بەهرۆز حەمە سالح پارێزگاری سلێمانی.

پرسیار / ئەم پرۆژەیە کەرتی تایبەتە یان حکومی؟
وەڵام/ حکومییەو پشتگیری بەردەوامی هەر سێ وەزارەتی خوێندنی باڵاو ئاوەدانکردنەوەو دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بۆکراوە.

پرسیار / بودجەی پرۆژەکە چەندە؟
وەڵام/ نزیکەی (۳۳۷) ملیۆن دۆلار.
پرسیار / بەرواری دەستپێکردنی پرۆژەکە کەی بووە؟
وەڵام/ (۲۰۰۵/۲/۱۹).
پرسیار /ماوەی تەواوکردنی پرۆژەکە چەندە؟
وەڵام/ رێکەوتی (۲۰۰۵/۲/۱۹) دەستی پێکردووەو رۆژی (۲۰۱۳/٦/۲۹) بەمەراسیمی ئاهەنگی کردنەوە کۆتایی بەپرۆژەکە هاتووە لەکاتێکدا لە رێکەوتی (۲۰۰۸/۱۲/۳۱)دا کارەکانی وەستاوەو رێکەوتی (۲۰۱۰/۲/۲۰) دەستکراوەتەوە بەکار تێیدا تا رۆژی کۆتایهاتن.

پرسیار / تا ئێستا رێژەی چەند تەواوکراوە لە پرۆژەکە؟
وەڵام/ رێژەی لە(۱۰۰٪) بەکاری زیادەشەوە.
پرسیار / ئەم پرۆژەیە لە چەند بەش پێک هاتوە و ئایا تائێستا سەرجەم کارەکانی تەواو کراون؟
وەڵام/ لەم پرۆژەیەدا (۱۰) بینای تایبەت بۆ هەریەک لە فاکەلتییەکانی (ئەندازیاری، کۆمپیوتەر، هونەرە جوانەکان، کارگێری و ئابووری، پەروەردەی بنەرەتی، زانستە مرۆڤایەتییەکان، مامۆستایان، زانست، زمان، وەرزش) تەرخانکراوەو هەر یەکێک لەبینای ئەم فاکەلتییانە، بەکوالێتی

زۆر بەرزو نوێترین خزمەتگوزاری ئێستای سەردەمیانەی تێدا بەکارهاتووە.

بـۆ خوێندکارانی بەشـە ناوخۆییـەکان، (١٦) بینا بۆ بەشـی ناوخۆیی دروستکراوە کە (٨) بینایان بۆ کورانەو (٨) بیناشیان بـۆ کچانەو تێکـڕا ئەم بینایانـە توانـای لەخۆگرتنی (٣٣٠٠) خوێندکاریان هەیەو دەتوانرێت لەداهاتووشـدا فراوانبکرێت بۆ ئەوەی جێگای (٥٠٠٠) خوێندکاری تێدا ببێتەوە.

بیناو بەشـەکانی تریش بریتین لەبینای سـەرۆکایەتی زانکۆو بینای کۆنگرێس و بیناکانی مۆزەخانەو میوانخانەو سـەنتەری پزیشـکی و سـەنتەری وەرزش کە لە(١١) یاریگای کراوەو (٤) هۆڵ و مەڵەوانگەیەکی داخراو و سـتادیۆمێک پێکهاتووە کەتوانای لەخۆگرتنی (٣٠٠٠) تەماشـاکەری هەیە کە لەسەر ئاستی ستانداردی نێودەوڵەتی دروستکراوە.

هەروەها بینای سـەنتەری بازرگانـی و کۆمەڵگەیەک کە لە

کافتریای سەرەکی و کافتریای لاوەکی و کتێبخانەی گشتی و سەنتەری کۆمپیوتەر پێکهاتووە کەسیستمی چاودێری کامێراو

ئینتەرنێتی تیا دامەزراوە، لەگەڵ ئەمانەشدا بەش و بیناکانی وێستگەی کارەباو بنکەی ئاگر کوژێنەوەو بەنزینخانەو بینای بەشی چاکردنەوەو مزگەوت و بنکەی پۆلیس دروستکراوە، وەک گرینگدان بەپاکراگرتنی ژینگە، ئامێری سوتێنەری خۆڵ و خاشاک بەگەرخراوە بۆئەوەی هیچ پاشەڕۆو خۆڵ و خاشاکێکی ناو کەمپەکە نەچێتە دەرەوەی کەمپەکەو لەوێدا لەناودەبرێت کە هەموو ئەمانە سەلمێنەری ئەوەن کە ئەم پرۆژەیە وەکو شارێک بنیادنراوە .

پرسیار / ئەو کێشە و گرفتانە چیبوون کە هاتونەتە بەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەکە؟

وەلام/ لەماوەی جێبەجێکردنی کارەکانی پرۆژەکەدا کێشەیەکی ئەوتۆ دروستنەبووە تەنیا زیادبوونی نرخی کەرەستەی بیناسازی لەهەندێک قۆناغی جێبەجێکردندا بەڵام خۆشبەختانە توانراوە چارەسەربکرێت و کارکردن بەردەوامی تیادا هەبێت.

پرسیار / داواکاری و پێشنیازتان چیە بۆ ئەوەی باشتر ئیشوکارەکانتان بەرەو پێشەوە بچێت؟

وەلام/ زۆر گرنگە کە بەجدی بیر لەبەگەرخستنی بەشێکی تایبەت بە چاککردنەوە واتە (صیانە) بۆ زانکۆکە بکرێتەوە بەتایبەت ئەگەر بێت و ئەو بەشە لەلایەن کۆمپانیایەکی بیانی تایبەتمەند بێت باشتر دەبێت، بەپێچەوانەوە صیانە نەکردنی بەردەوام لەم کەمپە نوێیەدا زیانی زۆر بە فاکەڵتی و بەشەکان دەگەیەنێت.

پرسیار / گرنگی بوونی ئەم کەمپە و بەم شێوەیە چیە لە ئێستا و داهاتوی سلێمانی وناوچەکەدا ؟

وەلام/ کەمپی نوێی زانکۆی سلێمانی توانای لەخۆگرتنی (٢٠ بۆ ٢٣) هەزار خوێندکاری هەیە و بەرای شارەزایانی بواری خوێندنی بالا ئەم زانکۆیە کاریگەری زۆری دەبێت لەبەرزکردنەوەی ئاستی خوێندن لەکوردستان. پرۆژەکە تارادەیەک ئارامی و ئاسوودەیی بەخوێندکار دەبەخشێت لەڕووی دەروونیشەوە شوێنێکی گونجاوە بۆ خوێندن.

وەک لەوەڵامەکانی پێشوو تردا ئاماژەمان بۆکرد ئەم کەمپە وەکو شارێک بنیادنراوە، بۆیە دروستکردنی شارێکی زانستی و ڕۆشنبیری لەمجۆرە بۆ شاری سلێمانی و شارەکانی تری هەرێم و بەشەکانی تری کوردستان، ئەو هیوایەمان پێدەبخشێت کە خوێندکاری کورد لەسایەی حکومەتی خۆمالیدا بە باشترین شێوە بتوانن سوود لەم زانکۆیە وەربگرن تا دواجار کۆمەڵگای کوردی بگاتە ئاستی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی جیهان.

پرسیار / ئەو مەرج و مواصفاتانە چین کە ڕەچاوتان کردوون لە کەل و پەل و پێداویستی بیناکاندا؟ ئایا لە ڕووی کوالێتیەوە تا چ ئاستێک بەرز و پەسەندن؟

وەلام/ دەستەی سەرپەرشتیاری کەمپەکە لەڕێگای چەند ڕاوێژکارێکەوە لەزانکۆکانی عێراق و سلێمانی کە تایبەتمەندن بە چێککردنەوەی دیزاین و کەلوپەل و سیستمی هەموو بوارەکانی ئەندازیاری لەگەل مواسەفاتدا.

هەروەها دەستەکەمان تاقیگەیەکی تایبەتی لەناو پرۆژەکەدا



هەبووە کە تایبەت بووە بە چێککردنەوەی کەرەسەکانی پرۆژەکە لەژێر چاودێری تاقیگەی بیناسازی سلێمانی. جگە لەمانەش تازەترین سیستمی میکانیکی و کارەبایی لەسەر ستانداردی جیهانی و بە چاکترین مارکەی جیهانی کە لەهەموو لایەکەوە پەسەندکراوە، بەکارهێنراوە.

پرسیار / مەرجی سەلامەتیتان ڕەچاو کردوە لە پرۆژەکەدا بۆ پارێزگاری لە بیناکان و گیانی کارمەندان و خوێندکاراندا لە ئایندەدا؟

وەلام/ لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا لەلایەن کۆمپانیای (FDC)ەوە بەشێکی تایبەت بەناوی بەشی سەلامەتی بە بەردەوامی کاری بۆ پاراستنی کرێکاران کردووەو بەردەوام تەئکید لەبەکارهێنانی بەدڵەو جلوبەرگ و هەموو ئەو پێداویستیانەی تر کراوەتەوە کە پێیاندراوە بۆیە خۆشبەختانە لەماوەی جێبەجێکردنی پرۆژەکەدا چەند حالەتێکی کەمی بریندارببوونی کرێکاران تۆمار کراوە.

سەبارەت بەپاراستنی گیانی خوێندکاران و فەرمانبەران

لەئاینـدەدا، لەڕێگـای بەڕێوەبەرایەتیەکـی تایبـەت بەئاگرکوژێنـەوە کـە سیسـتمی ئاگرکوژێنەوە لەسـەرجەم بیناکانـی کەمپەکـەدا بەتازەترین سیسـتمی ئاگادارکردنەوە لەئاگر کەوتنەوە پەیوەستکراوە بەو بەڕێوەبەرایەتیەوەو لەکاتی بوونی هەر کێشـەیەک لەهەر بیناو شـوێنێکدا لەو سـەنتەرە یاخود بەڕێوەبەرایەتیە دەردەکەوێت و لەلایەن تیمی بەرگری شارسـتانییەوە کۆنترۆڵدەکرێـت. جگە لەمەش لەسـەرجەم بیناکانـدا دەرگای دەرباز بوونی خێـرا فەراهەم کراوە. لەگەل ئەوانەشـدا هەبوونی سیسـتمی کامێرای چاودێـری (cctv) بەمەبەستی ئاگادار بوون لەهەر کارێکی نەخوازراو.

پرسـیار / رۆڵـی ئەندازیاران چیـە لەدیزاین و سەرپەرشـتی وجێبەجێکردنی پرۆژەکەدا ؟

وەڵام/ دەسـتەکەمان لەڕێگـای سـتافێکی راوێژکاری بۆ پەسـەندکردنی نەخشـەکان و کەل و پەلی بیناکان، بەمەرجی بەشداریکردنی سەرجەم ئەندازیارانی گەنج لەکۆبوونەوەکاندا بۆ ئەوەی زانیـاری وەرگرن و ئاگـاداری وردەکارییەکانبن، هەروەها هەمـوو ئەندازیـاران لەڕێگـای جەختکردنەوەمان لەسـەر وردی لەکارەکانیانـدا لەکاتـی سەرپەرشـتیکردنی کارەکانی پرۆژەکە بۆ ئەوەی هیچ کەموکوڕییەکیان بەسەردا تێنەپەڕێـت. جگەلەمانـەش چەندینجـار کار بەکۆمپانیـای جێبەجێکار دووبارە کراوەتەوە تاوەکو بەپێی ئەو مواسەفاتەی دەرخستەکە بێت.

***دوا ووتەتان ...**

لەپاش سڵاو رێزمان بۆ سـتافی ئازیزی گۆڤارەبەڕێزەکەتان، سوپاسـی بەسـەرکردنەوەکەتان دەکەیـن و هیوادارین وەڵامەکانمـان لەئاسـتی پێویسـتدا بێـت و بەهەردووڵامان ڕیپۆرتاژێکی تێرو تەسەلمان سازکردبێت.بەهیوای سەرکەوتن بۆتان.

چاوپێکەوتن

ئەندازیاری شارستانی دکتۆر

ئاکۆ رەشید حەمە

سەرۆکی بەشی بەنداو و سەرچاوە کانی ئاو لە فاکەڵتی ئەندازیاری

ئامادەکردنی گۆڤاری ئەندازیاران

لەم ژمارەیەی گۆڤارەکەماندا بە هەبەسی زیاتر ناساندن و سود وەرگرتن لە شارەزایی ئەندازیارێکی بە ئەزمون چاوپێکەوتنمان لەگەڵ بەڕێز ئەندازیاری شارستانی دکتۆر (ئاکۆ رەشید حەمە) سازدا و لە وەڵامی پرسیارەکانماندا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بۆمان دوا ...

پ/ناوی سیانی؟

د.ئاکۆ رشید حمە /مامۆستای زانکۆی سلێمانی –فاکەڵتی ئەندازیاری سەرۆکی بەشی بەنداوو سەرچاوەکانی ئاو .

پ/ بەروار و شوێنی لە دایک بوون؟

سلێمانی ١٩٧٢

پ/ قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی و زانکۆتان لە چ ساڵ و جێگەیەک تەواو کردووە و پسپۆڕیتان لە چ بواریکی ئەندازەییدا هەیە؟

قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و زانکۆیی و پسپۆڕیم بەم شێوانەی لای خوارەوەیە:

ژ	بروانامە	شوێن	ساڵ
١	دکتۆرای ئەندازیاری ژینگە	زانکۆی تەکنەلۆجیا- بەشی ئەندازیاری بیناو ئینشائات-بغداد	٢٠١١
٢	ماستەر ئەندازیاری ژینگە	زانکۆی تەکنەلۆجیا- بەشی ئەندازیاری بیناو ئینشائات-بغداد	١٩٩٩
٣	بەکەلۆریۆس ئەندازیاری شارستانی	زانکۆی بغداد-بەشی ئەندازیاری شارستانی-بغداد	١٩٩٥
٤	خوێندنی ئامادەیی	ئامادەیی هەڵکەوتی کۆران - سلێمانی	١٩٩٠
٥	خوێندنی ناوەندی	دواناوەندی کانیسکانی کۆران - سلێمانی	١٩٨٧
٦	خوێندنی سەرەتایی	مەکتەبی مەڵکەندی کۆران - سلێمانی	١٩٨٤

پ/ ئەو پرۆژانە چین کە ئەنجامتان داوە یان سەرپەرشتیتان کردووە لە ژیانی وەزیفیتاندا و چ پرۆژەیەکی خۆتانتان لە هەموان پێ سەرکەوتوترە؟

دامەزراندنم لە بەڕێوەبەرایەتی ئەو پرۆژانەی کە ئەنجامم داوە لە ژیانی وەزیفی وە یان سەرپەرشتیم کردووە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

لە بواری ئەکادیمیدا :

١. توێژینەوەیەکی زانستی بڵاوکراوە لەسەر بەکارهێنانی هەندێ مەوادی سروشتی بۆ پاکردنەوە و لابردنی توخمە ژەهراویە قورسەکان (Heavy Metals) کە ژەهراویکەرن بۆ ژینگە لە نێو لیکاویی خۆڵ و خاشاکی کۆکراوەی شاری سلێمانی (Solid waste Leachate)لە تانجەرۆ لە سلێمانی .

٢ .نامەی دکتۆرا لە بواری چۆنێتی بەکارهێنانی هەندێ مەوادی سروشتی بۆ پاکردنەوە و لابردنی توخمە ژەهراویە قورسەکان (Heavy Metals) کە ژەهراویکەرن بۆ ژینگە لە نێو لیکاویی خۆڵو خاشاکی کۆکراوەی شاری سلێمانی (Solid waste Leachate)لە تانجەرۆ لە سلێمانی .

٣ .نامەی ماستەر لەسەر دراسەکردن و بەکارهێنان و مۆدێلکردنی یەکەکانی نیشتەنی هەوایی (Aerated Grit Chambers) لە پرۆژەی پاڵاوتنی ڕۆستەمیە – بەشی سێیەم – بغداد .

لە بواری پراکتیکیدا :

چەندین پرۆژەی زۆر و گرنگ بۆ شارو شارۆچکەکان کە لە هەندێکیاندا وەکو دیزاینەرو لە هەندێکی تریان وەکو چێکەرو لەهەندێکی تریشیاندا ڕاوێژکار بووم لەوانە :-

١. ووردبینی کردن و چێکردنی سێ وێزگەی پاڵاوتنی ئاوی قورس بە شێوەی Compact unit دووانیان ٥٠٠م٣/ ڕۆژ و یەکێکیان ١٠٠٠م٣/ ڕۆژ بۆ شارۆچکەی دوکان کە لە لایەن نوسینگەی (SGI) ی ئیتالیەوە دیزاینی بۆ کراوە و ئێستا لە تەندەرینداید .

٢- ووردبینی کردن و چێکردنەوەی دیزاینی سیستمی هەواگۆڕکێ و ڕووناکی بۆ تونێلێ پێشڕەو (ئەزمەڕ) کە درێژیەکەی نزیکەی دووکیلۆمەترو نیو دەبێ و لەلایەن کۆمپانیای (I.C.G) ئێرانیەوە دیزاینی بۆ کراوەو ئێستا لە جێبەجێ کردنداید .

٤-ووردبینیکردن و سەرپەرشتیکردنی دیزاینی تازەی بلواری ڕێگای تاسلوجە سلێمانی لەڕووی سیستمی هیدۆلیکی و ئاودێریەوە .

٥-ڕاوێژکار بۆ پرۆژەکان لە بواری ئاو وهایدۆلیکدا بۆ پرۆژەی پارکی هەواری شار لە سلێمانی گەورەترین پارک لە هەرێم و عێراقدا .

٦-دیزاینکردنی تۆڕی ئاوی تازە بۆ هەموو شارۆچکەی کەلار بە درێژی نزیکەی ٣٦٠ کم .

٧-دیزاین کردنەوەی وەرگری ئاوی نوێ بۆ پرۆژەی پاکژکردنەوەی ئاو بۆ ڕانیە – چوارقورنە- حاجیاوا کە تواناکەی ٣٠٠٠ م٣/سەعاتێکدا .

٨-ڕاوێژکار بۆ پرۆژەی پاکژکردنەوەی ئاوی کەلار کە تواناکەی ٢٢٥٠ م٣/ سەعاتێکدا.

٩-ئامادەکردنی چەندین ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی ژینگەیی (EIA) بۆ چەندین پرۆژە پێش دامەزراندنیان بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەت لە وەزارەتی ژینگەی هەرێم وەکو کارگەی بەرهەمهێنانی سیمی کارەبا و کارگەی بەردی هاڕاو و کێڵگەی بەخێوکردنی پەلەوەر و هیتر .

١٠-دیزاینی تۆڕی ئاو و ئاوەڕۆ بۆ چەندین کۆمەڵگا نیشتەجێبوونەکان لە سلێمانی و هەولێر و شارۆچکەکانی تری هەرێم .

١١-چەندین دیزاین و سەرپەرشتی تری پرۆژەی ئەندازیاری دی.

پ/ چۆن بەراورد دەکەن لە نێوان ئەو پرۆژانەی پێش ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣دا ئەنجامدراون و ئەوانەی لە ئێستادا ئەنجام دەدرێن لە ڕوی ئەندازەییەوە؟

ئەو پرۆژانەی پێش ڕوخاندنی ڕژێمی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ دا کە ئەنجامدراون وەکو بەراوردێک لەگەڵ ئەوانەی ئێستادا کە ئەنجام ئەدرێن ئەوەیە ئەو پرۆژانەی پێش ڕوخاندنەکە ئەنجام ئەدران زۆربەی زۆریان یان ستراتیجی نەبوون یان گوژمەکەیان یا بودجەکەیان دیاری کراو بوون و بچووک بوون بەهۆی ئەوەی کە بودجەکەیان یان لەسەر بڕیاری ٩٨٦ ی نەتەوە یەکگرتووەکان (نەوت بەرامبەر خۆراک) بوو کە دەبوایە پێش جێبەجێکردنیان ڕەزامەندی ئەو ڕژێمەی پێ وەربگیرایە و پاشان دەدرایە کۆمەڵێ لە ڕێکخراوە بیانی وەیا سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان کە ئەوانیش بەشی خۆیانیان لێ هەڵدەگرت و زۆرێکی پرۆژەکان لە چاکترین ڕویاندا نۆژەنکردنەوە بوون . بەڵام پاش ڕوخاندنەکە و پاش ئەوەی هەرێمی کوردستان ئێستا بودجەی تایبەتی خۆی هەیە و دەکاتە ١٧٪ ی هەموو بودجەی ناوەند وە لەسایەی حکومەت و پەڕلەمانی سەربەخۆی هەرێمدا هەموو پرۆژەکان بەپێی پلانی ساڵانەی وەزارەتەکان دەخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە . سیمای پرۆژەکانی ئێستاش پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و پێداویستیە نوێیەکانیشی پێوە دیارە .

پ / ئەو خولە زانستیانە چین کە بینیوتانن و لە چ ولاتێک؟

١-خولێک لە وولاتی ئەڵمانیا لە زانکۆی شتوتگارت ساڵی ٢٠٠٥ لە بواری

Water Management, Water Supply and Hydraulic Structure Design in Stuttgart University – Germany, — ٢٠٠٥/١/٢٠ ٢٠٠٥/٢/٤.

٢-بەژداریکردن لە مونتەدای هەڵبژاردنی دریژەی پێداویستیەکانی پرۆژەکانی ئاودێری ، سەرچاوە کانی ئاو و بەڕێوبردنیان لە سەرتاسەری عێراق دا لە وڵاتی ئوردن ساڵی ٢٠٠٧

EXTENSION NEEDS ASSESSMENT FORUM " IRRIGATION, WATE RESOURCES, AND MANAGEMENT" IRAQ AGRICULTURAI EXTENSION REVITALIZATION PROJECT FEBRUARY 3-5, 2007 AMMAN MARRIOTT HOTEL, JORDAN

پ/ ئایا سەردانی وڵاتانی بیانیتان کردووە یان نا ؟ ئەگەر کردوتانە لە ئەنجامی ئەو سەردان و بینینانەی کارە ئەندازەییەکاندا لەو وڵاتانەدا.. ئاستی ئەندازیارانی کورد و بیانی چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

سەردانی وولاتەکانی ئەڵمانیا و ئوردن و سوریا و لوبنانم کردووە .لە هەندێکیاندا بەتایبەتی لوبنان و سوریا لە بواری ئەندازیاری ڕێگاوباندا زۆر لە دواوەن وە دەتوانم بڵێم لە کوردوستاندا زۆر لە پێشەوەین و ئەندازیارەکانمان توانایەکی بەهێزیان هەیە . لە وولاتی ئەڵمانیا پێشکەوتنێکی دیار بەرجەستە دەکرێت بەتایبەتی لە بواری ئەندازیاری ژینگەو ڕێگەوبان و گەیاندن و گواستنەوەو بوارەکانی تردا .

پ/ ڕێنمایی و ئامۆژگاریەکانتان چیە بۆ ئەندازیارانی نەوەی نوێ..

وەکو ئامۆژگاریەک بۆ نەوەی نوێی ئەندازیاران ئەوەیە کە سوودی تەواو وەربگرن لە هاوپیشەکانیان ئەندازیارە خاوەن ئەزمونەکان و بەردەوام پەیوەندیان دانەبڕن لەگەڵ زانکۆ و بەردەوام لەڕێگەی سیمینارو کۆنفراس و وۆرکشۆپەکاندا بوونیان هەبێت و گرنگیەکی زۆر بدرێتە مەرجە ئەندازیاریەکان و کوالێتی زۆرباش لە کاتی جێ بەجێکردندا .

١- پێشەکی و ئامانجی توێژینەوەکە..

خەملاندنی تێچوی پڕۆژەکانی بیناو بنیادنانەوە یەکێکە لە پێویستترین فاکتەرەکانی کاری دیزاین و کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەسەر هەنگاوەکانی ,هەروەک چۆن لایەنێکی سەرەکییە لە قۆناغی جێبەجێ کردنی پڕۆژە و هەر ئەمەشە دەبێتە هۆی هەنگاونان بەرەو تەواو کردنی پڕۆژەکە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو یان ڕاوەستان لە قۆناغێکی دیاری کراو و سەرنەکەوتنی پڕۆژەکە , خەملاندن بە بنەمایەکە سەرەکی دادەنرێت بۆ دانانی پلانی ئابوری و دارایی و ئامادەکردنی بودجەی پڕۆژە و پێویستییەکی سەرەکییە بۆ هەموو پڕۆژەیەک، چونکە تێچو و سوودی پڕۆژەی لەسەر دیاری دەکرێت و دواتر هەنگاوەکانی دابینکردنی سەرچاوەی دارایی و کۆنترۆل کردنی خەرجی و دابەشکردنی بە شێوەیەکی ڕێک وپێک هۆکارێکی گرنگە بۆ دابینکردنی بودجەی پێویست بۆ دیزاین و جێبەجێ کردنی پڕۆژەکە .

ئەگەر خەملاندنی دارایی پڕۆژە بە شێوەیەکی دروست بوو بە پشت بەستن بە بنەماو هەنگاوی زانستی ئەوا دەبێتە هۆی نەبونی ئاستەنگ و ئەنجامێکی باش و ئەگەر بە ڕێگایەکی نازانستی دانرابوو بە شێوەیەکی هەرەمەکی و نادروست بە شێوەیەک کە جۆرێک لە زیادەڕەوی یان کورت هێنانی بودجەی تیا دەرکەوێت ئەوا دەبێتە هۆی ڕاوەستان یان دواکەوتن و شکستی پڕۆژەکە و دواتر دواخستن یان ئەنجام نەدانی پڕۆژەکە , بۆیە ئەم بابەتە زۆر گرنگە بۆ هەموو ئەو ئەندازیاران و خاوەن کارانەی کە لەم بوارەدا کاردەکەن چونکە ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی بریارِدان لەسەر ئەنجامی پڕۆژەکانیان بە شێوەیەکی گشتی خەملاندن دوو بوار دەگرێتە خۆ :

- خەملاندنی دارایی
- خەملاندنی کات

بەشی یەکەم/خەملاندنی دارایی :

خەملاندنی دارایی یان تێچون پڕۆسەیەکی شیکاری بە بەرنامەیە بە شێوەیەکی وورد و زانستییانە بۆ دیاری کردنی بودجەی پڕۆژە بۆ قۆناغەکانی دیزاین , سەرپەرشتی و چاودێری , جێبەجێ کردن ,ئەم کارەش پشت دەبەستێت بە دامەزراوەو خەڵکانی شارەزاو بە ئەزموون هەروەها پەیڕەوکردنی بنەماو ڕێگای زانستی و لێکۆلینەوەی وردو بەکارهێنانی سەرچاوە زانستییەکان لەم بوارەدا .

- مەرجەکانی خەملاندی دروست بۆ پڕۆژە :

بۆ ئەوەی خەملاندن بە شێوەیەکی ووردو دروست بێت پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە بە هەند وەربگیرێت

- ڕونی سنووری کارکردن و وورەدەکارییەکانی بە هەموو

قۆناغەکانییەوە و دورکەوتنەوە لە خەملاندنی گشتی .
- دیاری کردنی پێویستییەکانی سەرجەم قۆناغەکان بە شێوەیەکە ڕوون و وورد.
- دیاری کردنی ئەرک و ڕۆل و ستافی پێویست و ئاستی جێبەجێ کردن لە هەموو قۆناغەکاندا .
- ڕونی زانیاری و ڕێنماییەکانی دیزاین .
- بەکارهێنانی ڕێگای زانستی نوێ و پەیڕەوکراو کە ئەنجامی باشی هەبوو بێت لە پێشووتردا .
- وورد و دروستی ئەو سەرچاوە هونەرییانەی بەکار دەهێنرێت بۆ مەبەستی دیزاین .
- دیاری کردنی ماوەی پێویست و مەوزوعی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە.
- پێدانی کاتی پێویست و دابین کردنی سەرچاوەی مادی و مرۆیی پێویست بۆ کارەکە .
- دەست کەوتن و لە بەردەست بوونی زانیاری وورد و نوێ لەسەر نرخ بۆ هەموو قۆناغەکان .
- دەست کەوتنی خەڵکانی بە تواناو شارەزاو بە ئەزموون لەم بوارەدا .
- خەملاندنی دارایی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە:

تێچوی جێبەجێکردن یەکێکە لە پایە سەرەکی یانەی سەرکەوتنی پڕۆژە چونکە زۆرترین بودجە بۆ ئەم لایەنە تەرخان دەکرێت بە تایبەتی لە پڕۆژەکانی بیناسازی و ئەم لایەنە پەیوەندییەکی پتەوی هەیە بە لایەنی دیزاینەوە چونکە جۆرو پێکهاتەی دیزاین ڕاستەوخۆ کاریگەری ئەبێت لەسەر بودجەی تەرخان کراو بۆ لایەنی جێبەجێ کردن بە تایبەتیش سادەی یان ئاڵۆزی دیزاینەکە و جۆری ئەو کەرەسانەی دیاری دەکرێت بۆی , هەرچەندە بەشی هەرە زۆری دیزاینەکانی کەرتی گشتی لە لایەن دەزگاکانی حکومەت خۆیەوە ئامادە دەکرێت بەڵام لە وولاتە پێشکەوتووەکان کە بە زۆری لەلایەن کۆمپانیاو نوسینگەکانی کەرتی تایبەتەوە ئامادە دەکرێت ڕێژەی ٥٪ تێچووی پڕۆژەکە دادەنرێت بۆ کاری ڕاوێژکاری و دیزاین کردن بە ئامانجی خەملاندێکی وردو دروست بۆ تێچوی قۆناغی جێبەجێکردن تاوەکو پڕۆژە کە بەو پەری سەرکەوتوی یەوە ئەنجام بدرێت

چەندین ڕێگە هەیە بۆ خەملاندنی تێچوی جێبەجێکردنی پڕۆژە کە لە زۆربەی وولاتانی دنیادا پەیڕەو دەکرێت و پشت دەستێت بە ئەزموونی پێشووترو نرخی کەرەسە و هێزی کارو ئاستی جێبەجێکردن و ڕێگاکان بریتین لە:

١-١ ڕێگەی تێکرای :

یەکێکە لە ڕێگە بڵاوەکان بۆ خەملاندنی تێکرای تێچوی پڕۆژە بە تایبەتی لە کاتی ئامادەکردنی میزانیەی سالانە بۆ پڕۆژە بە پشت بەستن بە ئەزمونی پێشووتر و تێچووی ئەو پڕۆژانەی کە لە پێشووتر جێبەجێکراون و خەرجی کۆتایی یان دەرکەوتووە بە نموونە سەرجەم خەرجی قوتابخانەیەکی ٩ پۆلی کە پێشتر جێبەجێکراوە , بەڵام لەم ڕێگایەوە ناتوانێت زانیارییەکی تەواو ووردو دروستمان دەستکەوێت لەسەر تێچوی پڕۆژە چونکە ناچێتە ناو وورد‌کاری یەکانی دیزاین و ئامادەکردنی دەرخستەوە و پشت دەبەستێت بە زانیاری پێشووتر لەسەر و کات و شوێن یکی دیاری کراو کە پێشووتر هەمان پڕۆژەی لێ جێبەجێکراوە و ئەم ڕێگەیەش بە چەندین شێواز پەیرەو دەکرێت وەک لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە

- خەملاندنی تێچوون لەسەر نرخی یەک دانەوە

لەم ڕێگەیەدا پشت دەبەستریت بە نرخی دانەیەک واتە تاکێکی ناو پڕۆژەکە کە زیاتر خۆی لە لایەنی سوودمەندا دەبینێتەوە بۆ دیاری کردنی سەرجەم بودجەی پڕۆژەکە بە نموونە نرخی مانەوەی کەسێک بۆ شەوێک لە ئوتێلێکدا بۆ خەملاندنی تێچوی ئوتێلەکە یان نرخی مانەوەی شەوێکی نەخۆشێک لە نەخۆشخانەیەکدا یان نرخی خوێندنی قوتابییەک لە زانکۆیەکدا بۆ خەملاندنی تێچوی زانکۆکە و بەم شێوەیە

- خەملاندنی تێچوون لەسەر بنەمای نرخی یەکەی ڕوبەر

لەم ڕێگەیەدا پشت دەبەستریت بە نرخی یەکەی ڕوبەر بۆ خەملاندنی تێچووی پڕۆژە بە نمونە تێچوی یەک مەتر چوار گۆشە خانوو یان شوقە تەنیا بۆ یەک نهۆم بۆ دیاری کردنی تێچوونیان و ئەویش بە لێکدانی نرخی یەک مەتر چوار گۆشە لە سەرجەم ئەو ڕوبەرەی کە بیناکەی لەسەر دروست دەکرێت بەمەش سەرجەم تێچوی پڕۆژەکە دیاری دەکرێت و لەم ڕێگەیەدا ئەو ڕوبەرانە بە هەند وەرناگیرێت کە تەنیا دیواری لەسەر دروست دەکرێت یان سەوزاییە یان بە بەتاڵی ماوەتەوە.

- خەملاندنی تێچون لەسەر نرخی یەکەی ڕووی دەرەوە:

لەم ڕێگەیەدا پشت دەبەستریت بە نرخی یەکەی ڕوبەر لە ڕوکاری بیناکە وەک (ڕوبەری سەقف , ڕوبەری دیوار

, ڕووبەری زەمینی نهۆمەکان) بۆ خەملاندنی تێچوونی پڕۆژەکە ئەویش بە کۆکردنەوەی نرخی سەرجەمی ئەو پێکهاتانەو دواتر تێچوی کۆتایی پڕۆژەکە بە دەست دێت و لە ڕێگەیەدا شێوازی ئەندازەی بیناکە بە هەند وەردەگیرێت بۆ دیاری کردنی تێچونی بیناکە چونکە لە ڕێگەکەی پێشوتر تەنیا ڕووبەری بینا بە هەند وەرگیراوەو هیچ حسابێک بۆ شێوازی بیناکەو لایەنی تەلارسازی نەکراوە .

- خەملاندنی تێچوون لەسەر بنەمایی قەبارەوە :

ئەم ڕێگەیە زیاتر لەو شوێنانەدا پیادە دەکرێت کە بەرزی نهۆمەکان چون یەک نین و دەگۆڕێت , بۆیە لەم کاتەدا بەرزی نهۆمەکان بەهەند وەردەگیرێت لە دیاری کردنی تێچوی پڕۆژەکە هەر بۆیە تێچوی نهۆمێک کە بەرزی یەکەی سێ مەتر بێت جیاواز دەبێت لەگەڵ نهۆمێکی تر کە بەرزی یەکەی پێنج مەترە و تێچوی پڕۆژەکە پشت دەبەستێت بە سەرجەم ئەو قەبارەیەی کە داگیری کردوە کە ئەویش خۆی لە لێکدانی ڕووبەرو بەرزیدا دەبینێتەوە .

٢-١ تێچون لە ڕێگەی نمونەی یەوە

لەم ڕێگەیەدا نمونەیەکی پڕۆژەکە دیزاین و ئامادە دەکرێت بۆ خەملاندنی تێچوی پڕۆژەکە ئەویش لە ڕێگەی دابەشکردن و شی کردنەوەی نمونە ئامادەکراوەکە بەسەر ئەو سیستەمانەی کە لێی پێک هاتووە و دواتر دابەشکردنی هەر سیستەمێک بۆ چەندین بەش و دابەش کردنی بەشەکانیش بۆ بەشی ووردتر و یەکە ,دواتر دەست دەکرێت بە نرخاندنی سەرجەم یەکەکان بەمەش دەتونرایت نرخی هەر بەش و سستیەمێک بە جیا بدۆزرێتەوە و دواتر بە کۆکردنەوەی تێچوی سەرجەم سیستەمەکان و زیادکردنی هەر تێچونێکی تر وەک نرخی زەوی یان دیزاین و ڕاوێژکاری و سەرپەرشتی دەتوانرێت نرخی سەرجەم تێچوی پڕۆژەکە بدۆزرێتەوە , نمونەی ئەم ڕێگەیە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە شێوەیەکی بەرفراوان پیادەکرێت بە نمونە دیزاین کردنی قوتابخانەیەک یان نەخۆشخانیەکی هاوشێوە کە دەکرێت لە چەندین شوێنی جیاوازدا بە هەمان نەخشەو تێچونەوە جێبەجێ بکرێت , و ئەم ڕێگەیە دەتوانرێت بە دوو شێواز پیادە بکرێت کە ئەوانیش شێوازی نمونەیی هاوشێوە و شێوازی پەیمانگای ستانداردی بیناسازیە .

لە جیهانی ئەمڕۆماندا ئەم ڕێگایە بە شێوەیەکی بەرفراوان پیادە دەکرێت چونکە بە شێوەیەکی وورد و هەمە لایەنەو زانستی یانە تێچوی پڕۆژەکان دیاری دەکات و سەرباری ئەوەی کە بە ڕونی تیشک دەخاتە سەر چۆنێتی بەکارهێنانی تێچوی تەرخان کراو لە کاتی جێبەجێ کردندا و دەتوانین هەنگاوەکانی ئەم ڕێگەیە لەم خالانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

- شێوازێک لە و دوو شێوازەی کە لەسەرەوە دیاری کرا هەڵدەبژێرێت .
- سیستەمە سەرەکی یە پێک هاتووەکانی پڕۆژەکە دیاری دەکرێت .
- سیستەمە سەرەکی یەکان دابەش دەکرێت بەسەر بەشی بچووکتر بە نموونە (پێکهاتە , لق , بەش) .
- ڕێکخستنەوەی پێکهاتە و لق و بەشەکان بە شێوەی تۆڕێکی ئاسان و ڕون .
- تۆمارکردنی ناوەڕۆکی پێکهاتەکان لە خشتەی ڕون و ئاسان و دیاری کراو .
- خەملاندن و دانانی نرخ بۆ هەر یەک لە پێکهاتەکان لە خانەی دیاری کراوی خۆی لە ناو خشتەکاندا .
- کۆکردنەوەی تێچوی سەرجەم پێکهاتەکان بە مەبەستی دەست کەوتنی تێچوی هەر سیستەمێک .
- بە دەست هێنانی تێچوی پڕۆژەکە بە کۆکردنەوەی تێچوی سەرجەم سیستەمە پێکهێنەرەکانی .

٢-٣ ڕێگەی سەرژمێری پۆلینکراو

ئەم ڕێگەیە بە یەکێک لەو وردرین ڕێگاکان دادەنرێت چونکە پشت دەبەستێت بە پێوانەکردن و نرخاندنی سەرجەم بڕگەکانەی پڕۆژەکە دوای تەواو کردنی کاری نەخشەو دیزاین , لێرەدا پێویستە ئاماژە بەسەرجەم ئەو مەرج و ستانداردانە بدرێت کە پێویستە لە بڕگە خەملێنراوەکاندا هەبێت تاوەکو لە کاتی جێبەجێ کردندا هیچ کێشەیەکی هونەری ,دارایی یا کات دروست نەبێت

- قۆناغەکانی پێشبینی کردنی بودجەی پڕۆژە

پێشبینی کردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژە بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات کە پەیوەستە بە قۆناغەکانی دیزاینی پڕۆژەوە چونکە لەگەڵ تێپەڕ بونی کات و گۆڕانکاری نوێ لە دیزاینی پڕۆژەکە گۆڕانکاری لە بودجەی پڕۆژەکەشدا ڕو دەدات و لە خوارەوە بە کورتی ڕون کردنەوە لەسەر هەریەک لەو قۆناغانە

دەدەین:

- پێشبینی کردنی بودجە لە قۆناغی ئامادەکاری

بە شێوەیەکی گشتی ئەم جۆرە پێشبینی کردنە کاتێک پەیـرەو دەکرێـت کە لە میزانیەی سـالانەدا بودجەیەک بـە شـێوەیەکی زۆر سـەرەتایی دادەنرێت بـۆ دیزاین و ڕاوێـژکاری و سەرپەرشـتی کردنـی پرۆژەکە و تەنانەت لـە هەندێک کاتدا دیزاینی پرۆژە لەبەردەسـت نییە یان دەسـتی پێنەکردوە بۆ ئەم مەبەستەش پەیڕەوی ڕێگای تێکرای دەکرێت لە پێشـبینی کردنی بودجەی پێویست بـۆ ئەنجامدانـی پرۆژەکـە چونکە پرۆژەکە لـە قۆناغی پلانی سـالانەی بودجە یان پلانی سەرەتایی دایە قابیل بـە گۆڕانکاریـیە , جگە لەوەی کە لەم قۆناغەدا لەوانەیە چەندیـن نمونـە و بیـرورای جۆراو جۆر هەبێت لەسـەر ئـەو پرۆژەیەی پێشـنیار دەکرێت بۆ ئەنجـام دان بۆیە ئەم پێشبینی کردنە دەبێتە سەرەتایەک بۆ قۆناغەکانی دوای خۆی .

- پێشبینی کردنی سەرەتایی

ئەم قۆناغە بە درێژکراوەی قۆناغی پێش خۆی دەزانرێت و دیزاینـی پرۆژەکـە چۆتـە قۆناغی دەسـت پێکردن و بەشـێک لـە وردەکارییەکانـی تـەواو بـووەو شـێوەی سـەرەتای پرۆژەکە لە ڕوی تەلارسازییەوە دەرکەوتووەو سیسـتەمەکانی کاری شارسـتانی , کارەبایـی , ئاو و ئـاوەڕۆ , ئاگـر کوژانەوە .....هتد دیاری کراوە بۆیە لـەم قۆناغەدا زیاتـر دڵنیا دەبین لـەوەی کە بودجەی پێشـنیار کـراوی پرۆژەکە کـە لە قۆناغـی ئامادەکاری دیـاری کراوە وەک خـۆی دەمێنێتەوە یـان گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە پێی ئەو گۆڕانکاری یە نوێ یانەی لەم قۆناغـەدا دەرکەوتون و لەکاتێکـدا بۆمان دەرکەوت کە لـەم قۆناغە یان قۆناغی کۆتایـی تەواو بونی دیزاینەکە ناتوانرێت بەو بودجەیە پرۆژەکە جێبەجێ بکرێت کە لە قۆناغی ئامادەکاریدا بڕیاری لەسەر دراوە ئەوا پێویستە لایەنـی ڕاوێژکار یـان دیزاینەر هەموو ئـەو هۆکارانە بە ووردی دیراسە بکات و چارەسەری زانستی بۆ بدۆزێتەوە تاوەکـو هیـچ گۆڕانکاری یـەک لە بودجـەی پرۆژەکەدا نەبێت و کێشەی دارایی دروست نەبێت .

- پێشبینی کردنی کۆتایی

لـەم قۆناغـەدا دیزاینی پرۆژەکە لە ڕوی تەلارسـازی و ستراکچەر و ئاو و ئاوەڕۆ .....هتد بە سەرجەم کارەکانی بە هەموو ووردەکارییەکانی یەوە تەواو بووە پێوانەی سـەرجەم کارەکانی ئەنجامدراوەو خشتەی تایبەتی بە نرخاندنەوە بۆ ئامادەکراوە بە مەبەستی دەست کەوتنی تێچوی خەملێنراوی پرۆژەکە و شێوەی پێشبینی کردنی بودجەکەی پۆلێن کراوە لە لق و بەش و .....هتد وەک لە خوارەوە ڕونکراوەتەوە :

- تێچوی ڕاستەوخۆ
- تێچوی هێزی کار
- تێچوی کەرەسە
- تێچوی گواستنەوە و هەڵگرتن و پاراستن
- تێچوی ئامێری پێویست بۆ جێبەجێکردن
- تێچوی سەرچاوەی ووزەو کارپێکردن
- تێچوی ناڕاستەوخۆ :
- تێچوی کارگێڕی
- تێچوی هونەری و سەرپەرشتی کردن
- تێچـوی ئامادەکاری و دەسـتەبەر کردن کەل و پەلی ناو بیناکە
- قازانج گەر پرۆژەکە لە کەرتی تایبەتی بوو
- توانـاو ئاسـتی وەبەرهێنان گـەر پرۆژەکە لە کەرتی تایبەتی بوو
- تێچوی بارە فریاگوزاریەکان
- ڕوداوی سروشـتی وەک (بوومەلـەرزە , لافاو ..... هتد)
- ڕوداوی مرۆیی
- قەیرانی دارایی ناسروشتی و هەڵاوسان
- گەمارۆی ئابوری , تێکچونی باری ئەمنی یان جەنگ
- هەر شتێکی تری چاوەڕوان نەکراو

بەشی دووەم / خەملاندنی کات:

لەسـەرجەم پرۆژەکانـی بیناسـازی و بنیادنـان بـە شـێوەیەکی گشتی پێشبینی کردنی کات بۆ دوو شێوە دابەش دەکرێت که بریتیە لە کاتی پێویسـت بۆ کاری دیزاین وکاتی پێویست بۆ جێبەجێ کردن , بۆ پێشبینی کردنی کاتی پێویسـت بۆ کاری دیزاین و جێبەجێکردن لە خوارەوە بە ڕونی باس لە هەریەکێکیان دەکرێت

- پێشبینی کردنی کاتی پێویست بۆ کاری دیزاین کردن:

پێشبینی کردنی کاتی پێویست بۆ تەواو کردنی سەرجەم کارەکانی دیزاینی پرۆژە بە هەمو وردەکاری و نەخشە و دۆکۆمێنتی پێویستەوە لە ساتی ئیمزاکردنی گرێبەستەوە

تاوەکو ڕادەست کردنی دیزاینەکە بە خاوەن کار بە بێ کەمو و کوڕی بە جۆرێک کە دیزاینەکە ئامادەبێت بۆ قۆناغی جێبەجێ کردن و پێشبینی کردنی کاتەش پشت دەبەستێت بە قەبارەو بڕی ئەو کارەی کە دیزاین دەکرێت لەگەڵا جۆری ئەو پسپۆری تایبەت مەندێتی یانەی کە لە دیزاینەکەدا پێویستە و لێرەدا ژمارەی نەخشە و دیتەیل بۆ هەر سیستەمێک یان بەشێکی دیزاینەکە بە هەند وەردەگیرێت لە دیاری کردنی ماوەی پێویست بۆ ئەنجامدانی , بە شێوەیەکی گشتی ٤٠-٦٠ سەعات بۆ هەر کەسێک دیاری دەکرێت بۆ ئەنجامدانی نەخشەیەک و دواتر بە کۆکردنەوەی ژمارەی کاتژمێرەکان بۆ سەرجەم نەخشەی سیستەمەکان ماوەی پێویستی دیزاینەکە دیاری دەکرێت هەرچەندە ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاوە گۆڕانکاری گەورە لەو ماوەیەدا ڕوویداوە و دەتوانرێت لە کاتێکی کورتردا کارەکە بە ئەنجام بگەێنرێت ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئاستی شارەزای و توانای نووسینگە ڕاوێژکاری و دیزاینەکان و ئەزموونی پێشووتریان ڕۆلی گەورە دەبینێت لەم ڕووەوە بۆیە ئەوەی پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە کە پێویستە خاوەنکار (TOR) ی دیزاینەکە بە هەموو ووردەکاری یەکانییەوە بخاتە بەردەم لایەنی دیزاینەرو لە کاتی دەرکەوتنی هەر کەمو کوڕی یەک لە لایەنەوە پێویستە خاوەن کار لەکاتی پێویستدا چارەسەر یان بکات و زانیاری پێویست بدات بە لایەنی دیزاینەر تاوەکو کاریگەری خراپ لەسەر کاتی دیزاینی پڕۆژەکە دروست نەکات و نەبێتە هۆی دواکەوتنی کارەکانی .

- پێشبینی کردنی کاتی پێویست بۆ کاری جێبەجێکردن:

بریتیە لەو ماوەیەی کە پێویستە بۆ جێبەجێکردنی دیزاینی پڕۆژەکە بە هەموو ووردەکاری یەکانی یەوە لەو کاتەوەی کە پێگەی پڕۆژە کە ڕادەستی بەلێندەر دەکرێت و دەست بەکار دەبێت تاوەکو ئەکاتەی کە پڕۆژەکە بە تەواوکراوی ڕادەستی خاوەن کار دەکرێت وەک لە گرێبەستی کارەکەدا هاتووە و پێویستە لە ساتی دەست بەکاربوونی بەلێندەرەوە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لە دیزاین و پێگەی کاردا نەبێت بە شێوەیەک کە کاریگەری خراپی هەبێت لەسەر کاتی دیاری کراو .

بۆ پێشبینی کردنی کاتی پێویستی بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە پێویستە سەرجەم کارو چالاکییەکانی پڕۆژەکە لە خشتەیەکی کاتدا (Time table) ڕێکخرابێت بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک بە یەکێک لە ڕێگە زانستی یەکانی کە پیادە دەکرێت لەگەڵا بە هەند وەرگرتنی هەموو ئەو کارو چالاکی یانەی کە دەتوانرێت لە یەک کاتدا دەست پێبکرێت سەرباری ئەمە هەموو ئەو ماوانەش زیاد دەکرێت کە پێویستە بۆ ئامادەسازی و بەکارخستنی پڕۆژەکە .

پێشبینی کردنی ماوەی ڕاستەقینە و پێویست پشت دەبەستێت بەشی کردنەوەی زانستی یانە بۆ ئەو ماوەیەی کە کارو چالاکی یەک پێویستێتی و لێرەدا ئەزموون و ئاستی زانستی ئەو کەس و لایەنەی بەم کارە هەڵدەسێت ڕۆڵی گەورە دەبینێت لە دیاری کردنی ئەو ماوەیەدا سەرباری تواناو ئاستی شارەزایی ئەو لایەنی کە هەڵدەسێت بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکە , لە هەندێک کاتدا دیاری کردنی ماوەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی پڕۆژەکە دەکەوێتە سەر ئەو لایانەی کە هەڵدەسێت بە دیزاینی پڕۆژەکە بە پشت بەستن بە بنەماو ڕێگا زانستی یەکان

بەشێوەیەکی گشتی دوو ڕێگا هەیە بۆ دیاری کردنی کاتی پڕۆژە کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە :

- چارتی گانت (Gantt chart)

بەشێوەیەکی گشتی چارتی گانت بەکاردەهێنرێت بۆ دیاری کردنی ماوەی پڕۆژە سەرباری ئەوەی دەتوانرێت لە ڕێگەیەوە چاودێری سەرجەم کارو چالاکییەکانی پڕۆژەکە بکرێت لە ڕێگەی بەراوردی ئەو کاتەی کە پێشبینی کراوە بۆ تەواو کردنی چالاکییەک لەگەڵا ئەو کاتەی کە تیایدا چالاکی یەکە جێبەجێکراوە , لەمەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە پڕۆژەکە بەپێی کاتی پێشنیارکراو بەڕێوەدەچێت , لەپێشترە یان لەدواوەیە , بۆیە لەم کاتەدا هەنگاوی پێویست دەگیرێتە بەر لەکاتی بوونی هەر دواکەوتنێک .

- ڕێگەی بێرت (Pert method)

یەکێکە لەو ڕێگا هونەری یانەی کە زۆربەی کات بەکاردەهێنرێت بۆ مەبەستی پیشاندانی چالاکییەکانی پڕۆژەکە , ماوەی پڕۆژەکە ، چالاکییە لەقەکان , سنووری ڕێگەپێدراوی دواکەوتنی هەر چالاکییەک .

نیشاندانی ئەم ڕێگایە بە شێوازی هێڵکاری دەبێت کە تیایدا سەرجەم چالاکی و ماوەکانیان دەخرێتە

ڕوو , بە شـێوەیەکی گشـتی ئەو هۆکارانەی بە گرنگ دادەنرێـت و پێویسـتە بـە هەند وەربگیرێـت بۆ دیاری کردنـی ماوەی جێبەجـێ کردنی پرۆژە خـۆی لەمانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

یەکەم/ پێگە

- پێگەی پرۆژەکە واتە تۆپۆگرافی پێگەکە و سروشتی ڕووەکەی لە بەرزی ونزمی .
- باری پێکهاتەی پێگەکە .
- پێکهاتەی پێگەکە و جۆری خاکەکەی , شـاخاوی , گڵی لاواز , شینکە , گڵێکی ئاسایی .
- ئاستی ئاوی ژێر زەوی .
- شوێنی پێگەکە لەسەر نەخشەی بومەلەرزە .
- ئاستەنگەکانی پێگە .
- سنووری پێگەکەو توانای جوڵەو هاتوچۆ لە پێگەکەدا , گەیشتن بە پێگەکە بە بێ هیچ ئاستەنگێک.
- کاتی دیاری کراو بۆ کارکردن لە پێگەکەدا بەبەردەوامی بە بێ هیچ ئاستەنگێگ.
- بواری کارکردنی ئامێرو ئامرازی پێویسـت بە بێ هیچ ئاستەنگێک.
- شوێنی پێگەکە.
- شـوێنی پێگەکە لە ناوچەیەکی دوورەدەستە و ئایا لە ڕێگەی گەیشتن پێی ئاسانە یان گران
- پرۆژەکە لە یەک پێگەدا دەکرێت یان چەند پێگەیەک و دووری نێوانیان.
- خزمەت گوزاری لە پێگەکەدا .
- بوونی خزمەت گوزاری پەیوەندی کردن .
- بوونی خزمەتگوزاری ئاوو کارەبا.
- باری ئاوو هەوا لە پێگەکەدا.
- پلەی گەرمی و ساردی پێگەکە.
- بوونی ڕەشەباو زریان.
- کەرەسەی خاو واتە بوونی کەرەسەی بیناسازی وەک لم , چەو , چیمەنتۆ و ئاو لە نزیک پێگەکە.

دووەم / پرۆژەکە

- قەبارەی پرۆژەکە
- ڕووبەری بیناسازی بە مەتر چوارگۆشە
- جۆرو سروشتی کارە شارستانییەکان
- پێشـبینی کردنی تێچوونی جێبەجێکردنی کارەکە بە شێوەیەکی دروست
- تایبەت مەندێتییە ئەندازەییەکان
- بـڕو ژمارەی دووبارەبونـەوە پێکهاتەکانی بە تایبەتی پایە، سەقف ،دیوار.....وهتد
- ئاسـانی و سـادەیی جێبەجێکردنـی دیزاینەکـە لـە ڕوی تەلاسـازییەوە و جـۆری ئـەو ئامـڕاز و ئامێرانەی بەکاردەهێنرێـت ئەگەر تایبەت مەندێتـی لە پرۆژەکەدا هەبوو .
- بوونی شێوەی ناڕێک و قەوس و قوبە
- شێوەی دیزاینەکە سەلامەتی بۆ ئەوانە دروست دەکات کە کاری تێدا دەکەن یان جێی مەترسییە .
- بونی بەشێک یان پێکهاتەیەک کە پێویستە بە تایبەتی دروست دەکرێت یان لە دەرەوە بهێنرێت و پێویستی بە ستافی شارەزاو تایبەتمەند هەیە .
- بابەتە داراییەکان
- هەبونـی بودجەی تەرخان کراوی پرۆژەکە بە تەواوی بەردەوامـی لە بانکێکدا یان دابین کردنی بودجەکەی بە چەند قۆناغێکی جیاجیا .
- شێوەی پێدانی پێشینە و نەبوونی ئاستەنگی ڕۆتین
- بونی پێشینەی سەرەتایی واتە پێش دەست بەکابون لە پرۆژەکەدا و لە دوای ئیمزاکردنی گرێبەستەوە .

ئەمانە بەشێکی سەرەکی بون لەو هۆکارانەی کە ڕۆلیان هەیە لە دیاری کردنی ماوەی پرۆژە .

بـە کورتـی پێشـبینی دارایـی و کات لـە دیزایـن و جێبەجێکردنـی پرۆژەدا ڕۆلێکی گرنگ دەگێرن لە بەرەو پێش چون و بەردەوام بونی قۆناغەکانی پرۆژەکە و هەر کاتێـک ئەم دوو لایەن بە شـێوەیەکی وورد و زانسـتی یانـە بە هەنـد وەرگیرابن ئەوا پرۆژەکە بە شـێوەیەکی بـاش بەردەوام دەبێت و دەگاتـە ئەنجامێکی باش و بە پێچەوانـەوە و بە بەهەند وەرنەگرتنیان پرۆژە دووچاری ئاستەنگ و ڕاوەستان شکست دەبێت.

سەرچاوەکان :

- ئیـدارة المشـاريع التأهيل العامر العرفة و الخبرة الدورة التدريبية(١)
- المواصفات الفنية العراقية لعام ١٩٩٣
- أسلوب تقيم و مراجعة المشروع - وكيبيديا الموسوعة الحرة

ڕیپۆرتاژ

پڕۆژەی ستی سەنتەر

ئەندازیاری ڕاوێژکار
امجد مستەفا قەرەداغی
بەڕێوەبەری تەکنیکی گرووپی کۆمپانیاکانی میران
بەڕێوەبەری پڕۆژەی ستی سەنتەر

ئامادەکردنی گۆڤاری ئەندازیاران

پ.رسیار /پ/ سەرەتا بیرۆکەی دروستکردنی ئەم پڕۆژەیە لە کوێوە هاتوە ؟

وەلام :

ئەم پڕۆژەیە لەسەرەتادا بیرۆکەی کۆمپانیای میران بو چونکە سەرەتای دەستپێکردنی ئەم بیرۆکەیە لەناو شاری سلێمانیدا هیچ بیناپەک نەبو کە لە ١٠ نهۆم پێک بێت جگە لە بینای پالاس . ئەوەی مەبەستی سەرەکی بوو خزمەتکردنی زیاتری دانیشتوانی شاری سلێمانی و جوان کردنی سیمای شار و لەهەمانکاتدا ئەم شوێنی پڕۆژەیە زۆر نزیکە لە ناوچەی گەشتیاری سەرچنار کاتێک میوان سەردانی شوێنە گەشتیارییەکان دەکات بوونی پڕۆژەیەکی وا دەبێتە پێویست. هەندێک زانیاری لەسەر پڕۆژەکە:

ناوی پڕۆژە / پڕۆژەی ستی سەنتەر

شوێنی پڕۆژە / سەر شەقامی مەلیک مەحمود لەکۆتایی گردی سەرچنارە

ڕوبەری پڕۆژە / ٥٦١٤ مەتر دووجا

ژمارە و بەرواری مۆلەت /مۆلەتی ژمارە (٢٦) ساڵی ٢٠٠٧

ژمارەی زەوی / (٥ / ٤٥) مقاتعەی ٨ ابلاغ

کۆمپانیای جێبەجێکار / گرووپی کۆمپانیاکانی میران

پرسیار /ئەم پڕۆژەیە کەرتی تایبەتە یان حکومیە و خاوەنەکەی کێیە ؟

وەلام :

ئەم پڕۆژەیە کەرتی تایبەت هەڵدەستێت بەدروستکردنی و گرووپی کۆمپانیاکانی میران خۆی پڕۆژەکەی دابینکردووە و بەڕێز (احمد حاجی علی)خاوەنی پڕۆژەکەیە

پرسیار / بوجەی پڕۆژەکە چەندە ؟

وەلام :

بوجەی ئەم پڕۆژەیە (٢٥ ملیۆن دۆلارە)

پرسیار / ماوەی تەواوبونی پڕۆژەکە چەندە ؟

وەلام :

ئەم پڕۆژەیە لەئێستادا لە دوا قۆناغی تەواو بونیدایە پشت بەخوای گەورە پێش سەری ساڵ دەکرێتەوە و پێشوازی لە بەکاربەرانی دەکات لەگەڵ سەرجەم مارکە جیهانیە بەناوبانگەکان .

پرسیار / بەرواری دەست بەکاربون لە پرۆژەکە ؟

وەلام :

ئەم پرۆژەیە لە ساڵی ٢٠٠٧وە دەستبەکاربوە بەڵام لەبەر گۆڕینی نەخشەکان بۆ ئاستێکی چاکتروجوانتر کارەکانی لەسەرخۆ ئەنجام دراوە , لەلایەکی تریشەوە هێنانی زۆربەی کەرەستەکان لەدەرەوەی هەرێم و عێراق هۆکار بوون بۆ درێژکرنەوەی ماوەی پرۆژەکە

پرسیار / تائێستا ماوەی تەواوبونی پرۆژەکە چەندە و بەماوەی چەندی تر تەواو دەبێت ؟

وەلام :

ماوەی تەواوبونی پرۆژەکە هەروەک لە خاڵێکی سەرەوەدا باسمانکردلە دواقۆناغی تەواوبونیدایە و لەئێستادا بەرێژەی ٩٥٪ی کارەکانی تەواو بوە لە چەند مانگی داهاتودا دەکەوێتە خزمەتی دانیشتوانی شاری سلێمانی و میوانانی بەرێزی شاری سلێمانی .

پرسیار /پرۆژەکە لە چەند بەش پێک هاتوە کەمێک بە وردی وگشتگیری باسمان بۆ بکەن ؟

وەلام :

ئەم پرۆژەیە پێکهاتوە لە ٢٠ نهۆم کە ٤ نهۆمیان دەکەوێتە ژێرزەمینەوە و ١٦ نهۆمی دەکەوێتە سەرزەمین و لەخوارەوە سەرجەم کاری نهۆمەکان خراوەتە روو.

١ - ژێر زەمینی چوارەم : لەم نهۆمەدا عەمبارێکی ئاو دروستکراوە کە توانای لە خۆگرتنی ٤٥٠ مەتر سێجا ئاوی هەیە وەبەشی دووەمی وەک گەنجینەیەک بەکاردێت بۆ خاوەن کارەکانی ناو مۆڵەکە وەلە رێگەی مەسعەدێکی ٢ تەنیەوە بەسەرجەم بەشی بیناکەوە بەستراوەتەوە .

٢ - ژیر زەمینی سێهەم و دووەم : وەک پارکی ئۆتۆمبێل بەکاردێت کە بە هەردوو نهۆمەکە توانای لە خۆگرتنی زیاتر لە ١٨٠ ئۆتۆمبێلی هەیە لەیەک کاتیکدا .

یەکێک لەنهومی پارکی ئۆتۆمبیل دابینکراوە بۆ بەشی نیشتەجێبوانی تاوەرکە وە نهۆمی دووەم بۆ خاوەن کارەکانی ناو مۆڵەکەیە وە ئەم بەشە لەرێگەی ٦ مەسعەدەوە بەسەرجەم بەشەکانی بیناکەوە بەستراوەتەوە .

٣- ژیر زەمینی یەکەم : پێک هاتوە لە سوپەر مارکێتێک کە روبەرەکەی دەگاتە نزیکەی ٣٥٠٠ مەتر دوجا وەئەم سوپەر مارکێتە کۆمپانیای کۆزمۆی ئەمریکی بەرێوەی دەبات ,ئەم سوپەر مارکێتە لە رێگەی قادرمەیەکی کارەبایی و ٥ مەسعەدەوە بەسەرجەم بەشەکانی بیناکەوە بەستراوەتەوە .

٤- نهۆمی ئەرزی پێکهاتوە لە مۆڵێک کە دابەشبووە بەسەر (١١) بەش کەهەمویان مارکەی جیهانی ناسراون لەگەڵ کافتریایەکی مۆدێرندا .

- نهۆمی یەکەم بەهەمان شێوەی نهۆمی زەمینی پێکهاتوە لەمۆڵێک کە دابەشبووە بەسەر (١١) بەش کەهەمویان مارکەی جیهانی ناسراون .

٦ -نهۆمی دووەم پێک هاتوە لە دوو بەش :

٦-١ بەشی یەکەم پێکهاتوە لە مۆڵێک کە دابەش بووە بەسەر ٧ بەش کەهەمویان مارکەی جیهانی ناسراون وە ٧ شوێنگەی فاست فود و کافتریایەکی مۆدیرن .

٦-٢ بەشی دووەم پێکهاتوە لە هۆڵێکی داخراو بە روبەری ١٥٠٠ مەتر دووجا کە بۆ یاری منداڵان و گەنجان بەکاردێت.

٧- نهۆمی سێیەم پێکهاتوە لە چێشتخانەیەکی مۆدێرن و پێشکەتوی لوبنانی کە لەتوانایدایە پێشوازی لە ٦٠٠ میوان

بکات . وە لەدوو بەشـی سەرەکی پێکهاتوە وە ٢٤ کاتژمێر کراوەیە و سەر سەقفی ئەم چێشتخانەیە وەک کافترایایەک بەکار دێت کـە توانای لە خۆگرتنی نزیکـەی ٤٠٠ میوانی هەیە .

٨- بەشی لای راسـتی پرۆژەکە لە نهۆمی سێیەمدا پێکهاتوە لـە تاوەرێکـی نیشـتەجێبون کـە پێکهاتوە لـە ٥٧ یەکەی نیشـتەجێبون .وەسـەرجەم ئەم یەکانە لەرێگەی کۆمپانیای تورکـی باوەرپێکـراوەوە دروسـت دەکرێـت وەهـەر یەکەیەکیش بەپێی خواستی بەکارهێنەران لە شەش جۆر و روبەری جیاواز دروست کراوە ئەمەش جۆرەکانێتی :

TYPE1 210 M2

TYPE2 255 M2

TYPE3 315 M2

TYPE4 150 M2

TYPE5 145 M2



TYPE 6 325 M2

پرسـیار /ئەو ئامێـرو کەلوپەلانـەی کەتیایـدا بەکارهاتوە مەرجـی کوالێتی باشـیان تێدایە و بەسـتانداردی جیهانی بەکارهێنراون؟

وەلام :

